گۆڤارا ئەكادیمی یا زانكویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ.١، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0، e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n1a1270

# سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە متمانەی سیاسی بە پارتە کوردستانییەکان تویژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر گەنجانی زانکۆ

هەژار عوسمان حسین، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هه ریمی کوردستانی عیراق
پ.د. طاهر حسۆ زێباری، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هه ریمی کوردستانی عیراق

**پوختەی توێژینەوەکە**

سەقامگیریی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پرسە گرنگ و سەرەکییەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان. پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە ئاستەکانی متمانەی سیاسی بە حزبە دەسەڵاتدارەکانی ناو کۆمەڵگە و بە یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان دادەنرێت کە پەیوەستە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. نا سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لاوازی متمانەی سیاسی بە پارتە دەسەڵاتدارەکان لە نێو کۆمەڵگە بە گرنگترین و سەرەکیترین گرفت دادەنرێت لە ئێستادا کە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان پێوەی دەناڵێنن. بە تایبەت دوای زیادبوونی کاری توندوتیژی و شەڕ و کودەتا، زۆرینەی وڵاتان جیهانی سێیەم ڕووبەڕوی بارودۆخی نا سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونەتەوە کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیانە، کە ئەو سەقامگیریە ڕۆڵێکی زۆر دەبینێ لە بنیاتنانی لایەنی ماددی و مەعنەوی لە کۆمەڵگەدا. یارمەتیدەرە بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری کۆمەڵگە لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار کە فاکتەرێکە بۆ زیادکردنی کار و بەرهەم کە دەستکەوت و بەدەستهێنان بە دوای خۆیدا دێنێ لە هەموو ڕوویەکەوە. سەقامگیربوونی کۆمەڵایەتی تەنیا پەیوەست نیە بە سیستەمی سیاسی، بەڵکو بە یەکێك لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت. توێژەر مەبەستیەتی بە شێوەیەکی تێروتەسەل توێژینەوە لەبارەی گرنگی ڕاوبۆچوون و گرفت و هۆکارەکانی سەقامگیری بکات لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە، سەقامگیری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بابەتە گرینگەکان بۆ داهاتوی کۆمەڵگە لەروی پاراستنی کۆمەڵگە، چونکە بارودۆخی نا سەقامگیری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕ، ئاژاوە و گرفت لە نێوان تاکەکانیدا. توێژەر هەوڵیداوە توێژینەوە بکات لەبارەی دوو گۆڕاوی سەرەکی کە ئەوانیش متمانەی سیاسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتییە، لەوێدا توێژەر مەبەستیەتی ڕادەی پەیوەندی ئەم دوو گۆڕاوە دەربخات.

کێشەی توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسە بداتەوە کە:

ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی بە پارتە کوردستانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ؟

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی دوو پێوەر بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی، بە پشت بەستن بە تیۆری ئەرکگەرایی لە ڕوانگەی تیورڤان (پار سۆنز) و ڕوونکردنەوەی تیۆری متمانەی سیاسی بە پشت بەستن بە بیردۆزی (هێتەرتافتون).

**کلیلی وشەکان:** سەقامگیری کۆمەڵایەتی، متمانەی سیاسی، متمانەی کۆمەڵایەتی، پارتە کوردستانیەکان.

**پێشەکی:**

سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی پێچەوانەی پەرتەوازەیی و شلەژانی کۆمەڵایەتییە. ئامانجی سەرەکیی بۆ هەموو حکومەت و ڕێکخراوەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە دروستکردنی متمانەی سیاسیە. سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی پێویستی بە دەستەبەری سیاسەتێکی دروستی ئابوری و کۆمەڵایەتیە کە هەوڵدەدات بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکات کە ئەمەش شکۆی مرۆڤایەتی دەپارێزی.

سەقامگیری هەمیشە پێویستی بە ژینگەیکی سیاسی لەبار و هاوسەنگ هەیە، کە تێیدا دەوڵەت کار ئاسانی بۆ ڕاگەیاندن،پەرلەمان، کۆمەڵگەی مەدەنی، کولتووری و ناوەندی مەعریفی بکات، و کاربکات بۆ دەستەبەری پانتاییەک بۆ دەربرینی بیرورا و رخنە گرتن لە سیاسیەتە گشتیەکان و کاردانەوە لەگەڵیان، سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکرێ کە ئامانجی سیاسەتە بەمانایە نوێیەکە.

هیچ دەسەڵاتیک، یاخود هیچ سیستەمیک ناتوانێ بەردەوام بێت بەبێ گەیشتن بە ئاستێکی باش لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی، هەربۆیە ڕوخانی سیستەم و دەسەڵاتەکانی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کەمبونەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەم سەقامگیریەش لە دەرئەنجامی پێکەوە ژیان و کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانە بە پێی ئاستی جیاواز، کە دەکرێت بڵێین هەندێک فاکتەر ڕۆڵی لە پێشینەیی دەگێرێت لە ئەوانی تر لە دەستەبەر کردنی

سەقامگیری كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا هەروەک ڕۆڵی فاكتەری ئابووری لە پێشترە لە دەستەبەری سەقامیگیری كۆمەڵایەتی لەوانیتر. لەمەشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە هیچ فاكتەرێک بەتەنها نەتوانێت بڕیار لەسەر دەستەبەری سەقامگیری كۆمەڵایەتی بدات، چونكە پەیوەندیەكی هەمەلایانانە لە نێوان فاكتەرەكان هەیە و بەیەكەوە ڕۆڵ دەبینن لە دروستبونی سەقامیری كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە.

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەكە

### یەكەم: كێشەی توێژینەوەكە

ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەدا و لاوازبوونی متمانەی سیاسی، بە پارتی دەسەڵاتدار، لە كاتی ئێستادا، لە گرنگترین كێشەكانن، كە كۆمەڵگەكان بەدەستیانەوە دەناڵێنن لە جیهاندا.

بەتایبەت لە دوای زیادبوونی كاری توندڕەوی و شەڕ و هەڵگەڕانەوە، و تووشبوونی قەیرانە ئابووری و سیاسییەكان لە زۆربەی كۆمەڵگەكان، ئەوانەی پێشكەوتوون یان ئەوانەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی و سیاسی كە ئەمەش كاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر پێشكەوتن و گەشەسەندنی ئەو كۆمەڵگەیانەدا، سەقامگیری كۆمەڵایەتی ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت لە بنیاتنانی ماددی،مەعنەوی و كۆمەڵایەتی، و بەشدار دەبێت لە پێشكەوتن و گەشەی ئابووری كۆمەڵگە، ئەویش لە ڕێگای دۆزینەوەی هەلی كار كە یارمەتیدەرە بۆ كار و بەرهەم، بەدوای ئەوەش خێرایی لە ئەنجامدانی و بەرهەمهێنان دێتەدی لە گشت بوارەكاندا.

پرسی ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەدا، ناتوانرێ پەیوەست نەكرێ بە لایەنەكانی بواری ئاسایش و ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی، بەڵكو دوورتر لەوەش دەڕوات كاریگەری دەكاتە بوارەكانی داهێنان و بیر و زانیاریش، بەمەش دەبێتە دروستبوونی نادڵنیایی و شێواندنی بیر و هۆش، و بەیەك نەبەستنەوەی بیرۆكەكانی هۆش و بەیەكگەیشتن بیر و زانیاری، و ناسەقامگیری دەبێتە هۆی تێكچوونی ڕەوشی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان جا بەشێوەیەكی فەرمی یان نافەرمی بێت، كە بەمانەش بەهاكانی كۆمەڵگە و بینای دروستبوون و كۆمەڵایەتی ناوخۆیی دامودەزگاكان دەكەوێتە ژێر هەڕەشەوە ئەمەش وا لە تاكەكانی كۆمەڵگە دەكات داوا بكەن دووبارە شێوەی سەقامگیربوونەوە بكەن یاخوود دژایەتی هۆكارەكانی دروستبوونی ئەو ناسەقامگیرییە بكەن، ئامانج لە بەدەستهێنانی سەقامگیری كۆمەڵایەتی ئەوەیە نەوەی داهاتوو جلەوگیر بكرێت تاوەكو دەستیان بگاتە سەرچاوە كۆمەڵایەتییەكان بە بەراورد بە نەوەی ئێستا.

بیرۆكەی سەقامگیری كۆمەڵایەتی گرنگییەكی گەورەی هەیە لای كۆمەڵناسەكان، ئایدیای سەقامگیری كۆمەڵایەتی هاوتای سیستەمی كۆمەڵایەتییە، وەك بابەتێكی سەرەكییە لە توێژینەوەی كۆمەڵایەتی. هەڵسوكەوت لە سیستەمی كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی سەرەكی لەگەڵ شیكردنەوەی هۆكارەكان و ئەو ڕێگایانە دەكات كە دەبێتە هۆی پاراستنی یەك بەستەیی كۆمەڵایەتی سەقامگیریەكەی دەكات.

كێشەی توێژینەوەكەش وەڵامی پرسیارێكی سەرەكی دەخاتەڕوو كە (**ئایا سەقامگیری كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان پەیوەندی هەیە بە متمانەی سیاسی بە پارتە كوردستانییەكانی هەرێم؟**).

### دووەم: گرنگی توێژینەوەكە

هەموو توێژینەوەیەكی زانستییانە، كۆمەڵێ گرنگیی هەیە، هەر بۆیە گرنگییەكانی ئەم توێژینەوەیە هەمەلایەنەیە، هەم لە ئاستی تیۆری و هەم لەسەر ئاستی كرداری كۆمەڵێ گرنگیی هەیە. لە ڕووی تیۆرییەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە گرنگی گۆڕاوەكانی (سەقامگیری كۆمەڵایەتی، متمانەی سیاسی)، لەبەرئەوەی هەردوو گۆڕاو پەیوەندی هەیە بە كۆمەڵگە، بەشێوەیەكی تۆكمە، لەبەرئەوەی پەیوەندی هەیە بە مانەوەی سیستەمی كۆمەڵایەتی بە هەموو ئاست و لقەكانی، هەروەها كاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگە، و پابەندبوونیان بە دابونەریت و بەها كۆمەڵایەتییەكانی ناو كۆمەڵگە، پەیوەندی لە نێوان تاك و پارتە سیاسییەكان و حكومەت و دەسەڵات كە ئەوانەش كاریگەریان هەیە لەسەر جێگیری و ڕێكخستنی كۆمەڵگە. هەروەها هەوڵدانێكە بۆ پێشكەشكردنی ئاسانكارییەتی تیۆری مەعریفی بەسوود لە لقێك لە لقەكانی كۆمەڵناسی ئەویش كۆمەڵناسی سیاسییە. بەڵام لە ڕووی كردارییەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو ئەنجام و دەرئەنجامانەی كە لە ڕێگای هەردوو گۆڕاوی توێژینەوە (سەقامگیری كۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی)، لە لایەنی كردارییەوە بەدەستهاتوون بەتایبەت لە ڕووی دەرخستنی ئاستەكانی سەقامگیری كۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی بە پارتە كوردستانییەكان، هەروەها خستنەڕووی پێشنیار و ڕاسپاردە. وێڕای ئەوەش، ڕێگەخۆشكەرە بۆ ئەوەی دامەزراوە فەرمیی و نافەرمییەكان هەوڵەكانی خۆیان بخەنەگەڕ تاكو كاری لەسەر بكەن.

### سێیەم: ئامانجەكانی توێژینەوەكە

هەموو توێژینەوەك كۆمەڵێك ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم توێژینەوە چەند ئامانجێكی هەیە كە بریتین لە:

1- زانینی ئاستی سەقامگیری كۆمەڵایەتی متمانەی سیاسی بە پارتە كوردستانییەكان لە هەرێم.
2- زانینی ئامارییانەی پەیوەندیی بەیەكەوەبەستراو لە نێوان سەقامگیری كۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسیدا.

3- زانینی پەیوەندی بەیەکەوەبەستراو لە نێوان (سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی) و گۆڕاوی تەمەندا .
4- زانینی جیاوازی لە ئاستی جیاوازی لە نێوان (سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی) بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز.

**چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:**

هەموو توێژینەوەیەکی زانستیی لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بایەخی یەکجار زۆر بە چەمکەکانی توێژینەوە دەدات، چونکە چەمکەکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەوەی هەم هوینەر و هەم توێژەر بتوانێ ڕەهەندە فیکریی و زەینییەکانی تێبگات، ئێمەش لەم توێژینەوەیە چەند ڕوانگە و پێناسەیەکی هەمەچەشنمان سەبارەت بە چەمکەکانی (سەقامگیری کۆمەڵایەتی، متمانەی سیاسی، پارتە سیاسییەکان و متمانەی کۆمەڵایەتی)مان خستۆتەڕوو، پاشان پێناسەیەکی ئیجرائیمان بۆ هەر یەك لەو چەمکانە خستۆتەڕوو:

**1- سەقامگیری کۆمەڵایەتی (Social stability)**

لە ئەدەبیات و پاشخانی زانستی کۆمەڵناسییدا، لە چەند ڕوویەکەوە هەوڵدراوە چەند ڕێگایەکی ناسینی سەقامگیری کۆمەڵایەتییان بکرێت، سەرەتا لەڕووی زمانەوانییەوە چەمکی سەقامگیری لە زمانەوانییدا وەرگیراوە بە مانای چەسپاوی و جێگیری دێت. پاشان لەرووی چەمکەوە، سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ڕەگ و ڕیشەی ئەم تێڕوانینە لە فەلسەفەی (ئۆگست کۆنت)ی (1797 – 1875) بابەتیانە هات، کاتێ هەڵسا بە بەستنەوەی هەڵسانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و لادانی مەلەکی و دامەزراندنی کۆماری لە سەدەی حەقدەهەمدا، بڵاوی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەگەڵ دەرکەوتنی جۆری جیاواز لە کێشەی کۆمەڵایەتی. کۆنت پێیوایە و بە پێویستی دەزانێ دووبارە یاسا و سیستەم دابڕێژێتەوە و بۆ کۆمەڵگە بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و چارەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی، و شیکردنەوەی بنیاتی کۆمەڵگەکە و پێکهاتووەکانی کە دوو لایەن دەگرێتەوە ئەوانیش:
- لایەنی ئیستاتیکی Static (چەسپاو جێگیرە) کە پێکدێ لە ژمارەیەك ڕێکخراو دەزگا.
- لایەنی داینامیکی (جوڵاو گۆڕاوە) ئاماژەیە بە ڕێگای بیرکردنەوەو ڕۆشنبیرییەی کە دەگۆڕێت لەگەڵ کات داو کار لە کۆمەڵگەکان دەکات.

سەقامگیری (الأستقرار) بە مانا گشتییەکەی واتا هێمنی و ئارامی و نەبوونی ئاژاوە دێت یا گۆڕانی خێرا. (الحسن، 2003: 161). لەو سۆنگەوە سەقامگیری کۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە توێژینەوە لە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، و کاریگەری ئەم بەشە جیاوازە ئەو بەشانە تا چەند کاریگەرییان هەیە ئەمەش دەبێتە دەرەنجامی کاری کۆمەڵایەتی کە پشت دەبەستێت بە هاوکاری نێوان تاکەکانی و دابەشکردنی کارەکان لە نێوان خۆیاندا هەروەها توێژینەوە لە یەکگرتوویی بەشەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخستنیان دەکات.

بۆیە دەتوانین پێناسەی سەقامگیری بکەین لە ڕوانگەی کۆنت (مرۆڤ بەگشتی لە نێو سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتووەکانیدا لە ڕووی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پەروەردەییدا کە بینای کۆمەڵایەتی دروست دەکەن بە جۆرێك ببێتە هۆی تێربوون لە پێداویستییەکانی تاك و توانای ئەم ڕێکخراوە دەدات کە بتوانێت ئەرك و کاری خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات لە ڕێگای ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە کە ڕۆڵی یەکگرتوویی و پاڵپشتی و زیادبوونی توانای مانەوەی کۆمەڵگە دەدات).

هەروەها هێربەرت سپنسەر (1820-1903) وای دەبینێت کە سەقامگیری کۆمەڵگە و جێگیربوونی پەیوەستە بە قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و ئاڵۆزبوونی لەلایەك و هەڵوەشانەوەی لە لایەکی تر، ئینجا دەچێتە قۆناغی سەقامگیری بەمەش کۆمەڵگە دەکاتە هێزێك کە هەڵی یەکگرتوویی پێکهاتووەکان و دامەزراوەکانی زیاد دەکات، لەم قۆناغەدا کۆمەڵگە دەگاتە لوتکەی سەقامگیری. کەواتە چی ڕوودەدات دوای ئەوەی کۆمەڵگە سەقامگیر دەبێت تا ژیانی کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت ئەوا تا ڕادەیەك دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و گەیشتن بە گەشەسەندن ئەمەش مانای کرداری گواستنەوە دێت لەباری یەکانگیری بەرەو جیابوونەوە جیاکاری (spencer, 1892:65).

لە لایەکی تر ئەمیل دوورکهایم (1858 – 1917) تێگەیشتنێکی گرنگی بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی هەیە و پێیوایە کە کۆمەڵگەی ئەقڵانی و پیشەسازی کە دامەزراوەی دیموکراسیان هەیە سەقامگیر تیایدا بەربڵاو دەبێت و گەشە دەکات بەشێوەیەکی یەکگرتوویی بەشێوەی پلە پلە لەناو کۆمەڵگە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای دابەش بوونی کار ئەم کۆمەڵگەیانە بەرەو ڕەوتی سەرەکی دەبەن کە گەشەو سەقامگیری کۆمەڵگە دروست دەکەن، بەرەو ئەوە دەڕوات کە بنەمای دابەشکردنی کات بەردەوامی بە کۆمەڵگە دەدات، ڕێزی داهێنانی تاك دەگرێت ئەم تایبەتمەندییانە ڕێگای دەرخستنی بینای نوێ دەدات بە دەسەڵات کە بتوانێ بەم کارانە کۆمەڵگە بگوازێتەوە بارودۆخێکی پێشکەوتووی زیاتر، لە دەرەنجامدا سەقامگیری زیاتر دەبێت لەو کۆمەڵگەیە و تیایدا سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسرێتەوە بە پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری لە دەرەنجامی ئەو سەقامگیرییەدا.

دووبارە پێداگیری لەسەر باری ناساندنی ئەو کۆمەڵگەیە دەدات کە دەناسرێتەوە بە پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری لە دەرەنجامی سەقامگیری دا، هەروەها پێداگیری لەسەر داهێنانی تاکی و کۆ دەدات، هەروەها ڕێ بە سوودوەرگرتن بە خامەکان دەدات دۆخێك دروست دەکات کە ململانێیەکی دروست ڕوودات لەسەر بنەمای توانست و باشێتی و بڕیار لەسەر باشترینەکان بدەن (مدکور، 1975: 240)

کەواتە سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەپێی دوورکهایم بریتییە لە دۆخێکی ئارام و چەسپاو تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگە توانای بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانیان هەیە لە دەرەنجامی بارودۆخێکی دروست و سەقامگیردا لە ڕووی ژیانەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی نێوان هێزە سیاسی و دەسەڵاتدارەکان و کۆمەڵانی ئایینی لەو کۆمەڵگەیەدا (Firth, 1966:11)

تێگەیشتنی میرتون (1910 – 1992) بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی میرتون بیرۆکەی خۆی خستەڕوو لەبارەی بونیادی کۆمەڵایەتی کە بە بناغەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دادەنێ لە ڕووی چۆنیەتی کاری ئەم بونیاد و ئاستی هاوسەنگی و چەسپاوی لە نێوان ڕێکخستنی کاریگەرییەکانی: میرتون باسی دوو جۆر لە بونیادی کرد:

- **بونیادی کۆمەڵایەتی:** مەبەستی کۆمەڵە پەیوەندییەکی ڕێکخراوە هەڵدەستێ بە بەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەکە یان کۆمەڵگە بەیەکەوە.
- **بونیادی کولتووری:** مەبەستی کۆمەڵە بەها و پێوەری ڕێکخراوە دەست دەگرن بەسەر هەڵسوکەوتی تاك لەنێو کۆمەڵە و کۆمەڵگەدا.

### پێناسەی ڕێککاری سەقامگیری کۆمەڵایەتی

بەگەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتن و پێناسانەی کە لەبارەی سەقامگیری کۆمەڵایەتیی خستومانەتەڕوو، دەکرێ پێناسەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە دۆخی گەشەسەندووی کۆمەڵایەتیی کە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و خاو لە سیستەمی کۆمەڵایەتییدا ڕوودەدات، لە کاتێکدا درێژە بەو میتۆدانە دەدات کە لە کۆنترۆڵ و بە کۆمەڵایەتیبووندا بەکار دەهێنرێ، و بەها و ستاندارد و توانای تێرکردنی پێداویستیەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان لەخۆدەگرێت کە لە بەرامبەردا خۆگونجاندنی ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ یەکتری و بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی زاڵتر زیاد دەکات، کە دەبێتە هۆی سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

### 2- چەمکی متمانەی سیاسی Social Trust

پێناسەی چەمکی متمانە جیاوازە لە جیاوازی بوارەکانی زانستی کۆمەڵایەتی، بیرمەندانی ئابووری چەمکی متمانە لایان بریتییە لە سەرنج خستنەسەر پلەی متمانەی ناوخۆیی بۆ نیشانە بازرگانییەکان، هەروەها هەبوونیەتی لە نێوان لایەنەکانی بازرگانی دا، لەلایەکی تر زانایانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی چەمکی متمانە لایان تیشکخستنە سەر کەسایەتییە لە چوارچێوەی کارلێکی کۆمەڵایەتییدا، بەڵام زانایانی سیاسەت دەڕواننە متمانە لە ڕووی پەیوەندی نێوان خەڵك و حکومەت دا لە چوارچێوەی تیشك خستنەسەر چەمکی متمانەی سیاسی.

هەروەها سەبارەت بە متمانەی سیاسیش کۆمەڵێ پێناسەی هەمەچەشن هەیە، هەر یەکە و لە گۆشەنیگایەکەوە لێی دەڕوانێت، بۆ نموونە "گامسون" (1968) متمانەی سیاسی وەها پێناسە دەکات کە بریتییە لە دۆخی هێنانەدی سیستمی سیاسی یاخود بەشێك لەو سیستمە بۆ هەندێ ئامانجی پەسەند بەبێ وەدەسهێنانی چاودێری و گرنگی پێدان لە لایەن کەسانی ترەوە .(Gamson, 1968:53)

فەیلەسووفان و توێژەران بە چەندین جۆرەوە متمانە و متمانەی سیاسییان ناساندووە هەریەك بە بۆچوون و دیدگای زانستیانەی خۆیانەوە ئەم چەمکەیان پێناسە کردووە، هەوڵ دەدەین بەشێکیان ئاماژە پێ بدەین: بۆ نموونە"هاردن" لە ساڵی 1999، متمانەی وا پێناسە دەکات کە بەرژەوەندییەکی لە قالبدراوە هەروەها پێیوایە متمانە ئاشتەوایی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات و کاریگەری دەنوێنێ لەسەر ڕەفتاری بە کۆمەڵ و کرداری بەرهەمدار. (Harding, 1999: 26) هەروەها "هیتەر تەفتون" پێیوایە متمانەبوون بە حکومەت بۆتە ئاماژەیەکی گرنگ بۆ پێشبینییەکانی هاووڵاتییان، و پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ سیاسەتەکانی حکوومەت لە داهاتوودا، و ئەم متمانەیە بە گرنگتر دادەنرێت لە پەیوەندی پارتەکان و ئایدیۆلۆجیایان، و بە بەرز دەنرخێنرێت کاتێك سەیری سیاسەتی چالاك دەکەین یاخود کاتێك هەست بە هاوتایی (جووت بوونی) چاوەڕوانییەکانی هاووڵاتییان و دەرئەنجامەکانی سیستەمی سیاسی دەکەین. (Hetherington ,2001،34)

بە بڕوای "ئەبرامسۆن و فینفتێر" پێویستە لە خوێندنەوەی بابەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی سیاسی ڕەچاوی دوو خاڵ بکرێت؛ یەکەم، ئایا بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی سیاسی تەنیا دەسەڵاتی سیاسیی بەرقەرار (نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار) لەخۆدەگرێت؟؛ یاخود، دووەم، کۆی گشتی سیستەمی سیاسیی بە ئامانج دەگرێت؟ بە وردبوونەوە لەم دابەشکارییە دەبینین کە ئەم دابەشکارییە تایبەتە بە سیستەمە دیموکراسییەکان. بەڵام لە سیستەمە نادیموکراتیەکان و ئەو سیستەمانەی کە هەڵبژاردنی ڕووکەش ئەنجام دەدەن یاخود سنوری پارت و حکومەت (وەك یەکێتی سۆڤیەت) یان نوخبەی دەسەڵاتدار و حکومەت (وەك عەرەبستانی سعودی) لێك جیا نەکراوەتەوە، لێك جیاکردنەوەی سنوری نێوان نوخبەی دەسەڵاتدار و کۆی سیستەمی سیاسیی ئەگەر ئەستەم نەبێت، کارێکی قورسە. (خلیل، 2018: 155).

### پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی متمانەی سیاسی

دەتوانین بڵێین متمانەی سیاسی گوزارشتە لەو چاوەڕوانیی و بەڵێن و بۆیەکگەڕانەوانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ سیستەمی سیاسی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا پشتی پێ دەبەستن و تۆڕێکی بەرفراوان لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و حکومڕانە سیاسییەکان دروست دەکەن و گرووپ و کۆمەڵەی جیا جیا بەگوێرەی ئەدگار و تایبەتمەندییە کەسییەکانیان ئاستەکانی متمانەی سیاسییان بەو حکومڕان و بکەرە سیاسییانە دەهێننە کایەوە.

### 3- پارتە کوردستانییەکان Kurdish Parties

لە کۆمەڵناسییدا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی پارتی سیاسی کراوە، بۆ ئەوەی لە پارتە کوردستانییەکان تێبگەین، سەرەتا هەوڵ دەدەین لە پێناسە و تێگەیشتنەکانی پەیوەست بە پارتە سیاسییەکان.

دان تۆماس پێیوایە پارتە سیاسییەکان بریتین لە هاوپەیمانییەتێکی جێگیر و بەردەوامە کە بەرژەوەندیی هاوەژی ڕێکخراوی تیایە بەمەبەستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕکابەریانە و کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی دەوڵەت, هەروەها دەکرێ بڵێین پارتە سیاسییەکان کۆمەڵە تاکێکن بە توانای خۆیان هەوڵ دەدەن بەرژەوەندیی نیشتمانی بەدیبێنن لە پێناوی دەست بەسەرداگرتنی سیاسەتی دەوڵەت ( الغويل، 2003: 31)

وێڕای ئەوەش، سەرەتای دروستبوونی پارت گرنگی دانە بە ڕێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و هەوڵی پێناساندنی دەنگدەرەکانی بە کاندیدەکان و هاندانی دەنگدەران بۆ پاڵپشتی کاندیدەکانی پارت. هەروەها بەپێی تێڕوانینی ڕەوتی فلادیمێر ئیلیتش لینین V. Lenin پارتی سیاسی بەوە دەناسێنێ کە "چینێکی تێکۆشەری سەرکردەن کە پێکهاتووە لە شۆڕشگێڕە پیشەوەرە ڕێکخراوەکان، بەوە دەناسرێنەوە کە چینێکی سەرکردەی ئاڕاستەکارن کە هەڵدەستن بە بەردەوامبوونی بزاوتی شۆڕشگێڕی و بەردەوامی پێدەدەن (لينين، بەبێ ساڵ: 8)

هەروەها شلیسەنەگر Schlesinger وەسفی پارتە سیاسییەکان دەکات بەوەی ڕێکخراوێکە کە هەوڵدەدات دەستبگرێ بەسەر پۆستە گشتییەکان لە ململانێی هەڵبژاردندا لەگەڵ یەکێك یان چەند پارتێکی دیکەدا (Joseph, 1968, 428)، بەڵام لیون دیفید ئیشتاین Leon D. Epstein پارتی سیاسی بەوە پێناسە دەکات هەر کۆمەڵەیەك هەر چۆن ڕێکخستنێکیان هەبێ بەشێوەیەکی هەرمەکی، هەوڵی هەڵبژاردنی کارمەندانی حکومی بدات لەژێر هەر دروشمێکی تایبەت بێ".(Carlton, 2018,19).

رای ڕالف گۆڵدمان Ralph M. Goldman لەسەر پارتی سیاسی ئەوەیە "ڕێکخراوی ناحکومین نوێنەری گەل کۆدەکەنەوە لە دەستە دەستەی یاسایی و پاڵێوراوان دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی پۆستی حکومی، و دەستپێشخەری و بەرنامەی حکومی دەخاتە ڕوو بۆ لایەنی سەرکردەو پاڵێوراوانی".(غولدمان، 1996، 37)

هەندێکی بیرمەندی تر پێیان وایە پارتی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو لە ڕێگای بانگەشەوە، هەوڵی سەرخستن دەدەن بۆ دورستکردنی کاربەدەست و سیاسەتی سەرنجڕاکێش لەنێو ناوەندی پاڵێوراواندا (James, 1999, 2).

#### پێناسەی کارپێی پارتە کوردستانییەکان

بە گەڕانەوە بۆ ئەو پێناسانەی لەبارەی پارتە سیاسییەکان لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی کراوە، و بە گەڕانەوە بۆ یاسای پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان کە دووەم هەمواری یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1993ی هەرێمی کوردستان، پارتە کوردستانییەکان بریتین لە خڕبوونەوەی سیاسیانەی کۆمەڵە کەسانێکن کە بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە ڕووی نەتەوەیی و سیاسیی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و ئامانجی سەرەکییان گەیشتنە بە دەسەڵات، هەروەها دامەزرێنەرانی هەر پارتێکی کوردستانی پێویستە خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان پێش بەرژەوەندییە پارتییەکان بخات.

### ٤.متمانەی کۆمەڵایەتی Social Trust

متمانەی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زۆرترین بایەخی هەیە. هەر بۆیە لە کۆمەڵێ ئاست و بە کۆمەڵێ شێواز پێناسەی کراوە. دەکرێ بڵێین متمانەی کۆمەڵایەتی شێوەیەکە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ڕووی مامەڵەکردن و کردەی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵگەدا هەیە لە هەموو پانتاییە جیاوازە کۆمەڵایەتیی، کولتووریی، سیاسیی، ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا و وەك واقیعێکی کۆمەڵایەتیی گۆڕدراو کاریگەریی لەسەر چوارچێوە (context) کۆمەڵایەتیی و کولتووریی کۆمەڵگەدا هەیە. (غفاری،2008: 19). هەروەها لە لایەکی تر پێناسەی متمانەی کۆمەڵایەتی کراوە وەك تێڕوانینێکی ئەرێنییانەی تاکەکان بەرامبەر ئەندامانی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم تێڕوانینەش بریتییە لە دروستبوونی مەترسی بە تایبەت ئەو کاتەی هوشیاری و مەعریفە بوونی نابێت (منصوريان، 2012: 200)

ئەنتۆنی گیدنز یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە زۆرترین باسی لەبارەی چەمکی متمانەی کۆمەڵایەتیی لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی کردووە، هەر بۆیە پێیوایە ئەو چەمکە بریتییە لە هەبوونی دڵنیایی و پشتئەستووربوون بە چۆنایەتیی و تایبەتمەندییەکانی کەسێك و ئەمەش باشترین خاڵی درێژەدانە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەبوونی چاوەڕوانیی لە یەکتر (گيدنز، 2012: 37). وێڕای ئەوەش، ئالیۆن و فایرستۆن پێیانوایە متمانەی کۆمەڵایەتیی بریتییە لە ئەدگار و تایبەتمەتییەکی کەسیانەی نەگۆڕ و جێگیر نییە، بەڵکو لایەنێکە لەو پەیوەندییانەی کە بەردەوام لە بەردەم گۆڕانکارییدان و بۆ هێنانەکایەوەی گۆڕان، تاك دەبێت کەشێکی پڕ متمانە دروست بکات کە ترسیی بەلاوەخستن کەمبکاتەوە و هیوای پەسەندکردنی یەکتریش زیاتر بکات(اميركافى، 2002: 10).

هەروەها كۆمەڵناس پاتنامیش ڕای وایە متمانەی كۆمەڵایەتیی لە دوو سەرچاوەوە خۆی بنیات دەنێت ئەوانیش پێوەرەكانی مامەڵەكردن لەگەڵ یەكتر و تۆڕەكانی بەشداریكردنی مەدەنی، ئەم متمانەیەش دەبێتە هۆی ئاسانكردنی پرۆسەی هاوكاری و بەرزكردنەوەی ئاستەكانی متمانە لە كۆمەڵگەدا، لەبەرئەمە هەركات هاوكاری كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگەدا پەرەی سەند، ئەوە متمانەی كۆمەڵایەتییش پەرە دەسەتێنێت و گەشە دەكات، بە نەبوونی یان كەمبوونی پرۆسەی هاوكاریش كۆمەڵگە بناغەكانی تووشی داڕووخان و لاوازی دەبێتەوە (فوكوياما، 2013: 12).

### پێناسەی كارپێی متمانەی كۆمەڵایەتی

بەگەڕانەوە بۆ ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین متمانەی كۆمەڵایەتی گوزارشتە لەو چاوەڕوانیی و بەڵێن و بۆیەكگەڕانەوانەی تاكەكانی كۆمەڵگە بۆ یەكتر كە لە ژیانی كۆمەڵایەتییاندا پشتی پێ دەبەستن و تۆڕێكی بەرفراوان لە پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی دروست دەكەن و گرووپ و كۆمەڵەی جیا جیا بەگوێرەی ئەدگار و تایبەتمەندییە كەسییەكانیان بەگوێرەی ئاستەكانی متمانەی كۆمەڵایەتییان دەهێننە كایەوە.

### بەشی دووەم

### باسی یەكەم: تیۆرەكانی متمانەی سیاسی

### یەكەم: متمانەی سیاسی لە تیۆری تاكگەرایی

متمانە شوێنێكی گرنگ و تایبەتی هەیە لە زانستی كۆمەڵایەتیدا، بۆیە گرنگی تایبەتی وەرگرت لە توێژینەوەی زانستییەكاندا. متمانە ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە ناوەندی كۆمەڵایەتی ئێستادا، بە دانانی بنچینە و ڕێوشوێن تا كۆمەڵگەی لەسەر بنیات بنرێت، ئەو ڕێوشوێنانە دەدۆزێتەوە تا كۆمەڵگە پەیرەوی بكات بۆ بەرزكردنەوەی بەهای كۆمەڵایەتییەكەی لەنێو سەرمایەی كۆمەڵایەتیدا، متمانە ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێك بارودۆخی كۆمەڵایەتیدا وەك بەدیهێنانی سەقامگیری و ئاشتی كۆمەڵایەتی و بەشداری مەدەنی.. هیتریش، گرنگی دان بە متمانە دەركەوت لەگەڵ دەستپێكردنی لەلایەن (ڕۆبرت پوتنام R. Putnam) بە توێژینەوەی دەربارەی "پیشەسازی كاری دیموكراتی - دابونەریتی كۆمەڵگەی شارستانی لە ئیتاڵیای نوێ دا" كە بە توێژینەوەیەكی پێشەنگ دادەنرێت و لە یەكەمین توێژینەوەكان بوو ئەنجامدراین لەم بوارەدا. تیایدا پێوانەی سەرمایەی كۆمەڵایەتی دانا بە بەشداری شارستانیانە كە توانرا دابنرێت بە دەنگدان لەسەر ڕاوەرگرتن لەبارەی متمانە بە دامەزراوەكانی دەوڵەت و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و ئەندامێتی لە یانە وەرزشیەكان و سەندیكاكان دا. (Putnam, 1993: 90)

لەلای ئەنتۆنی گیدنزدا متمانە پێویستیەكی شێوەییە پەیوەندی دەبێ بە نوێگەری لە كۆمەڵگەدا لەگەڵ كێشە بەیەكەوە بەستراوەكاندا لەگەڵ ئەوەی نوێگەری لە دامەزراوە و كارە جیهانگەرییەكان پاڵپشتی تواناكانی تاكی بەهێزتر كرد بۆ بەدیهێنانی ژیانێكی سەلامەت. بەڵام لەلایەكی تر ئەم دیاردانە وەرچەرخانیشی بەسەر هات.

دڵنیاییش دەدات لەوەی كە لە گفتوگۆكردن لەسەر متمانە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە ژیانی تاك ئاڵۆزتر بووە. هەروەها مەترسیەكانیشی زیادبوون جیا لە زیادبوونی ترسناكی پەیوەندییەكان و ڕووداوە پێشبینی نەكراوەكان لەگەڵ پەیوەندییە گۆڕاوەكانی پەیوەست بە كات و شوێنی جیاواز كە لە ئێستادا سیمای بێژماری وەرگرتووە. (عبدالبديع، 2006: 29)

بۆیە گیدنز وای ڕوانیە متمانە كە جۆرێكە لە باوەڕ كە ئەمەش بە یەكێك لە هەرە هۆكارە ئاڵۆزەكان دادەنرێت. بە دڵنیایی ئەندامەكانی هەر كۆمەڵگەیەك پێویستیان بەپێشكەوتنی متمانەیان هەیە لە هەموو ئاستەكانی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ژمارە زۆرەی مەترسی و ئاڵۆزیانەدا ( Ward & Mayer 2009: 347).

ئەنتۆنی گیدنز بە جۆرێك دەیڕوانیە متمانەی كۆمەڵایەتی كە واتای ئەوە نییە پشت تەنها بە كەسێك یا سیستەمێك ببەسترێ، هەروەها جیایە لەو متمانەی كە كۆنترۆڵ كراوە لەلایەن دڵنیایی یەكانەوە، هەروەها متمانە لەلای گیدنز، ئەو بارودۆخ و ژینگەیە كە متمانە تیایدا دروست دەبێ و پێكدێت تیایدا گرنگترینیش ڕاستگۆیی یە و ئامادەباشیە بۆ سەرەڕۆیی و مەترسی، ئەوەی زیاتریش گرنگە بەدڵنیاییەوە متمانە دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی ڕوودانی ترسناكی، هاووڵاتی ئەگەر هۆشیاری ئەوەی هەبێ كە تا چەند ترسناكی دێتە پێش ئەوە تا ڕادەیەكی باشتر دەرئەنجامەكەی پەسەند دەكات، ئەم ڕازیبونەش زیاد دەكات هەرچەند هاندەری ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیان هەبێ، ڕۆڵی بەشداری كۆمەڵایەتی كاتێك دەردەكەوێت كە ببێتە هۆی هاندەر بۆ متمانە، چونكە كاتێك تاكێك متمانەی لەدەست دابێ و دەترسێت لە مەترسییەكان، بۆیە ئەگەر كەسێك هەڵبكات لەگەڵی كە بڕواو متمانە بەخۆی هەبێ ئەوا ئەو دەستپێشخەریە بكات كە لەگەڵی بێت ئەوا یاریدەدەرێكی زۆر باش دەبێت بۆی و دووری دەخاتەوە لە تەنیایی و گوێپێنەدان و هەموو سەرلێشێواویەكی تر.

بیوتر سزتومبكا (Piotr sztompka) ئاماژە بە ڕۆڵی متمانە دەدات بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری سیستەمی كۆمەڵایەتی لە بەرامبەر گۆڕانی ڕیشەكێشی، كەوا دەكات سیستەمەكە سەقامگیر و بەردەوام بێت بۆ ماوەیەكی درێژخایەن كە ئەگەر دەوریش بدرێت بە تۆڕێك لە كۆمەڵەو دامەزراوەو ڕێكخراوەی بەیەكەوە بەستراو بەردەوام كە ئەمانەش دەبنە هۆی ڕەخساندنی ژیانێكی كۆمەڵایەتی كە بگەڕێتەوە بۆ دڵنیایی و ئاسوودەو بە پاڵپشت.

فرانسیس فۆكۆیاما F. Fokoyama ئاماژە بە متمانەی كۆمەڵایەتی دەدات بەوەی كە پێشبینی ئەندامانەكانە بۆ ئەندامانی تری نێو هەمان كۆمەڵەی كە هەڵسوكەوتێكی ڕێك و ڕاست و هاوكاری یەكتریان هەیە كە كۆمەڵێك هاوبەشی ناسراویان هەیە، ئەم هاوبەشە ناسراویانەش بەشێوەی

نەریتی قووڵ دەنوێنرێن وەك: دادپەروەری و ئیمان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش نەریتی جیهانگەراییەکانیش (علمانی)یش لەخۆ دەگرێ، وەك پێوانە و یاسا بۆ هەڵسوکەوتی پیشەیی، واتا متمانە دەکەین کە پزیشك بە ئەنقەست ئازارمان نادات، چونکە بڕوا دەکەین کە پابەندن بە شەرەفی پیشەیی و پێوانەی پیشەی پزیشکی. (اسماعیل، 2017: 91)

ئەمەش ك. کوك K. Cook ناساندی کە شێوەی سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، پاڵپشتی پەیوەندی هاوکاری و بەشداریکردن دەبێ هەروەها دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سزادان. بەوەی متمانە پێویستی بەردەوامی بەرهەمهێنانی شێوەی جیاوازی بەشدارکردن هەیە. (5089: Cook. 2007) هەروەها متمانەی کۆمەڵایەتی دەناسرێ لای (ئێرل وسفیتکوفیتش) بەوەی ئەو بەستنەوانەیە کە هەموان پێکەوە دەبەستێتەوە، واتا ئەوە بکەی کە دەیڵێی و پێشبینیکردنی ئەوەش لە ئەوانی تریش بکەی. (21 :Earle, 1995 ).

متمانە لای بوتنام لەوە خۆی دەنوێنێ هۆکاری دڵنیایی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیانەیە، ئەمەشی ڕوونکردەوە لە وتەکەی بەوەی گەر متمانە نەبێ ناتوانرێ گرێبەست ببەسترێ و بەمەش یاسا هێزی نابێت، بەمەش کۆمەڵگە دەخزێتە دۆخێکی نیمچە وەحشی گەری، تاپۆو سامان بە ئاسانی وەرناگیرێن، بەمەش هاووڵاتی کاتێك بە دەستی ڕاستی دەبەخشێ کە بزانێ بە دەستەکەی تری وەردەگرێ).

لێرەش دا هۆکار هەیە بۆ لاوازبوونی تایبەتمەندی متمانە لە کۆمەڵگەدا لە نێوان کەسایەتی تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەکدا کە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ دوو هۆکار:

1- کەموکوڕی لە توانای زۆربەی دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا: (لەوانەیە بە هۆکاری لەناکاو یاخود هەمیشەیش بێ کە پەیوەند بێ بە بنیاتی کارگێری یاخود ئاکاری) بۆ بەجێنگەیاندی پەیمانەکانی خۆیان کە ڕایانگەیاندووە (لە چوارچێوەی یاسا ڕەسمیەکان یاخود باوەڕپێکراوە باوەکاندا) بەخشینی مافە سروشتییەکانی تاکەکان لە ژیان دا، کە ئەمەش بەدیدێ بە فەراهەمکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی گونجاو و لەگەڵ ڕوونی لە ڕاستیە بابەتییەکان لەبارەی کاروباری وڵات و جیهان و بەخشینی ماف لەسەر بنەمای پاداشت و سزا بەبێ جیاواز و جیاکاری لایەنی.

2- لاوازی لە ئەدای کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا (مامۆستایان و پزیشکان و یاساناسان و ڕۆژنامەگەر و پیاوانی ئاینی و پیاوانی پۆلیس) بە بینینی ڕۆڵی پیشەیی یاخود کۆمەڵایەتی یان (ئەم لاوازیەشیان بە هۆکاری بێ توانایی یاخود بێ ئاکاری بێ) کە وادەکات نەتوانێت ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا پێشکەش بکات لە هەڵسوکەوتەکانی لە ڕووداو و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا لە چوارچێوەی گشتی و فراوان دا.

3- توێژینەوەکانیش لەم بوارەدا ئاماژە بە بوونی لایەنی جۆراوجۆر دەدەن بۆ هەبوونی متمانە ئەمانیش: (نظمي، 2001,348)

أ- متمانە بە کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگە: مەبەستیش لێرە کەسە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگەیە و کاریگەرەکانە لە ژیانی تاکدا بێ هەبوونی پەیوەندی کەسی نزیك لەگەڵ ئەو کەسە.

لەم کۆمەڵانەش: مامۆستایانی زانکۆ، قوتابیان و یاساناسان و پارێزەران و سیاسی و ڕۆژنامەوان و پزیشك و پیاوانی پۆلیس و پیاوانی هاتوچۆ و پیاوانی ئاینی و فرۆشیاران و شاعیر و چاککەرەوەی ئامێرە ماڵیەکان و کرێکارەکانی شارەوانی و تا دوایی.

ب- متمانە بە دامەزراوەکان: مەبەست لە دامەزراوە کۆمەڵەی ڕێکخراوەیی گەورەیە، ئامانجیان هەڵسانە بە ئەرکی جیا یاخود پێشکەشکردنی بەرهەم یاخود بەدیهێنانی خزمەتگوزاری کە بۆ سوودی هەموو کۆمەڵگە بێت، ئەمانەش هەڵسوکەوتیان و کاریان دیاری دەکەن بە کۆمەڵێك لە یاسا و نەریت و پێوەر و هۆکاری بیری تایبەت بەخۆیان. لەوانەی دامەزراوە فێرکارییەکان، یاساییەکان و سیاسییەکان و ڕۆژنامەگەرییەکان و تەندروستی و ئەمنی و پیشەسازی و وەرزشی و زانستی و گەیاندن و تا دوایی.

ج- متمانە بە سروشتی مرۆڤ: مەبەست بە سروشی مرۆڤ جۆری ڕوخسار و هاندانی بەستراو بە جۆری مرۆڤەکانە لە ڕوانگەی کەسانی ترەوە، سروشتی مرۆڤیش لە دووریەکی بەستراو دەبێت لەنێوان سروشتی مرۆڤی باش بۆ سروشتی مرۆڤی خراپ.

### دووەم: متمانەی سیاسی لە تیۆری هەڵبژاردنی ئەقلانی

لە تیۆری کۆمەڵناسیی هاوچەرخدا، پەیوەندی متمانەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئەقلانیی یەکێکە لە تیۆرە هەرە گرنگەکان و بایەخی یەکجار زۆری هەیە. نوێنەرانی ئەم تیۆرەیە زۆرن، بەڵام هەوڵ دەدەین بە کورتی بۆچوونی بەشێك لە کۆمەڵناسەکانی ئەو تیۆرە بخەینەڕوو، لە هەمان کاتدا ئەو پەیوەندییە بخەینە ڕوو کە لە نێوان متمانەی سیاسی و هەڵبژاردنی عەقلانییدا هەیە.

یەکێك لە نوێنەرانی ئەو تیۆرە بریتییە لە کۆمەڵناس جەیمز کۆڵمەن یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە خستنەڕووی تیۆرەکەی خۆی لەبارەی متمانەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، هەر بۆیە لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین جەخت لەسەر تیۆرەکەی بکەینەوە. گرنگترین بنەڕەتی هەڵبژاردنی عەقلانی بریتییە لە متمانە، لە ڕاستیدا سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەر تاکێك بەهۆی متمانەوە دەناسرێت و پەیوەندییەکی دوولایەنەی لەگەڵیدا هەیە. لە لایەك متمانە، سەرمایەی سیاسی هێناوەتەکایەوە و لە لایەکی تر ئەگەر لە کۆمەڵگەیەك سەرمایەی سیاسی بە ڕادەیەکی تەواو هەبێت، متمانەی نێوان تاکەکانیش بەهێز دەبێت (کلمن، 1377:83).

تیۆرەکەی جەیمز کۆڵمەن لە چوارچێوەی پەیوەست بە سەرمایەی سیاسی خراوەتەڕوو، لە کاتێکدا بایەخیش بە متمانەی کەسیی و بنەڕەتیی دەدات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی دەروونناسیی ئاڵوگۆڕکردن وەك بنەمای شیکردنەوەکانی داناوە و بەتایبەت لەشیکردنەوەی پەیوەندییە گرووپییەکان

ئاڕادەیەکی زۆر، تەنیا ڕێساکانی پەیوەندییەکانی گرووپە دوو کەسیی و سێ کەسییەکانی بەکارهێناوە، هەروەها لە بۆچوونەکانی خۆیدا بە باشی ئەوەی خستۆتە ڕوو کە ڕێسا زاڵەکانی بەڕێوەبردنی گرووپە گەورەکان بەشێوەیەك لەگەڵ ڕێسا باوەکان لە گرووپە بچووکەکانیش جیاوازە(آزاد ارمکی،110:1383).

بە دیدی کۆڵمەن لە هەر پەیوەندییەکی پشت ئەستوور بە متمانەی سیاسی لانیکەم دوو ڕەهەند و ئاراستە هەیە ئەوانیش ڕەهەندی متمانەکەر و متمانەپێکراوە، گرنگترین سەرەکییەکەش بریتییە لەوەی کە لە کردەی هەردوو ڕەهەندەکەدا ئامانجێکی دیاریکراو هەیە و بەدوای تێرکردنی ویست و ئارەزووەکانی خۆیانەوەن. لایەنی متمانەکەر دەبێ بڕیاری ئەوە بدات کە لەگەڵ ئەویتر مامەڵە و کارلێك بکات یان نا واتە خۆی تووشی مەترسیی و ڕیسك بکاتەوە یان نا، لە لایەکی تر لایەنی متمانەپێکراویش دەبێت لە نێوان پاراستنی متمانە و نەمانیشی دەست بە هەڵبژاردن بکات و دەستەوەستان نەبێت. بەم چەشنە، پەیوەندییەکی پشتئەستوور بە متمانەی سیاسی، پەیوەندییەکی دوو لایەنیە و بەگوێرەی بنەچەی کەمکردنەوەی ئاستەکانی سوودوەرگرتن لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی دایە. (کلمن،271:1377).

وێڕای ئەوەش، کۆڵمەن لە تیۆرەکەی خۆیدا پێیوایە لە پەیوەندییەکی پشتئەستوور بە متمانەی سیاسی ڕووبەڕووی ئەکتەرانێکی ئەقڵانی دەبینەوە، لەم پەیوەندییەدا ئەگەر بۆ ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکە شانسی سەرکەوتن لە بەراورد بە شانسی شکستخواردن زیاتر بێت، متمانەکە دروست دەبێت، چونکە ئەو بوونەوەرێکی ئەقڵانییە و دەبێت متمانە بکات. ئەم دەربڕینە سادەیە پشتئەستوورە بە بنەچەی کەمترین سوودوەرگرتن لە ژێر هەلومەرجی هەڕەشە و مەترسیدا. متمانەکە دەبێت لە نێوان متمانەنەکردن (کە هیچ سوودێك وەرناگرێت) و متمانەکردن (کە لەم شێوەیەدا بە کردەی دوولایەنەوە پەیوەستە) بڕیار بدات (Colemn، 1990:91). بەگوێرەی ئەوەی باسمان کرد، دەتوانین بڵێین مرۆڤ لە دیدی کۆڵمەن بونەوەرێکی ئەقڵانییە و کردەکانیشی پشتئەستوورە بەهەڵبژاردنی گونجاو، لەبەرئەوە هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کە لە پەیوەندییەکانی خۆی کەمترین سوود هەر بەدەستبێنێت. ئەو بۆ ئەم کارەش سوود لە کۆمەڵێ سەرچاوە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستەکانی متمانەی سیاسی زیاتر بکات و تووشی هیچ مەترسییەکیش نەبێتەوە.

هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی مۆدێلی ئەدای دامەزراوەیی The institutional Performance Model لە کایە سیاسیی و حکومڕانییەکان دەکرێ زۆر گرنگ بێت. ئەم مۆدێلی ئەدایە تیشك دەخاتە سەر ئەدای چالاك و ڕاستی حکوومەت، کە بەکاردێت و وەك ڕێنیشاندەرێکە بۆ تێگەیشتن و هەستکردنی هاووڵاتییان بە حکومەت، بە جۆرێك ئەم مۆدێلە ئەدای حکومەت بە ئاماژەی سەرەکی دادەنێت بۆ پێوانەی متمانەی خەڵك بە حکومەت، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە متمانە لە دامەزراوە گشتییەکان و حکوومەت لە حاڵی بەرزبوون و نزم بوونی بەردەوام دایە بەگوێرەی خولیای کەسایەتیەکەی کە بوونی هەیە لە کۆمەڵگەدا. سەرەڕای ئەوەشدا کۆنترۆڵی بارودۆخ و دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریش ڕۆڵی هەیە. ئەم نمونەی مۆدیلە دەگاتە ئەوەی کە دەکرێت ئەدای حکوومەت بەکاربهێنرێت وەك نیشانەیەك بۆ دیاریکردنی ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی لە دامەزراوەکان دا، ئەو دامەزراوانەی حکومەت کە بە ئەدایەکی باش جیادەکرێنەوە و چالاکن دەست دەگرن بەسەر متمانەی هاووڵاتییان، بەڵام ئەو دامەزراوە حکومیانەی کە بە ئەدایەکی لاواز ناسراون و ناچالاکن کار لە کۆمەڵگە ناکەن، ئەمەش جۆرێك لە بێ متمانەیی هاووڵاتییان دروست دەکات لەبارەی ئەم دامەزراوانەدا لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیدا.

ئەوەی پەیوەست بێ بە هاووڵاتییان ئەم نمونەیە وا دادەنێت توانای دیاریکردنی ئەدای حکوومەتی هەیە لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەی گشتیدا کە باشە یاخود لاوازە. لە پاشان هەستی گشتی متمانەی هاووڵاتییان دیار دەکات کە بە متمانەن یاخود بێ متمانەن بەرامبەر حکومەت. ئەم مۆدیلەش بەوە دەناسرێت کە پشت بە هۆکاری ئیمبریقی دەبەستێت بۆ دیاریکردنی ئاستی متمانەی سیاسی ئەویش بە پشتبەستن بە ڕا وەرگرتنی هاووڵاتییان بۆ پێوانی ئاستی ئەدای حکومەت لە سیستەمی سیاسی دا، بڕیاردان لەسەر ئاستی کرداری و ڕاستەقینەدا ئەوەیش لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕای بەشداربووەکان بۆ پرسیارەکان کە لەبارەی متمانەی دامەزراوەکانە بەدیاریکراوی. لەوانەشە پەیوەندیەکی ناڕاستەوخۆی زۆر گرنگ بنوێنرێت لە نێوان متمانەی کۆمەڵایەتی و متمانە بە دامەزراوە سیاسییەکان دا. کە ئەگەر متمانەی کۆمەڵایەتی هاوکار بێت بۆ بنیاتی کۆمەڵگە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی هاوکار دەبینێت لە پاڵپشتی و بەهێزکردنی دامەزراوە سیاسییەکان، ئەوا دەسەپێنێ بەسەر ئەدای حکومی کە بەرەو باشی بچێ ئەمەش دەرئەنجامی سروشتی بەرزبوونەوەی متمانە بە حکوومەتی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی متمانەی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە کە هاتەدی لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر متمانەی کۆمەڵایەتی ڕووی لە لاوازی کرد کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی ئەمەش بە شێوەیەکی بێ گومانی ئەدای حکومی کەمدەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا تیموتی کوك ئاماژەی بەوە داوە کە سەرەکیترین هۆکاری نەمانی متمانەی سیاسی بەردەوامی دانی ئەو دۆخ و مەسەلەیە لەناو حکوومەتدا، بێ توانایەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتدا، خاوی لە وەڵامدانەوە و توانستی دا، پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی کە متمانەی سیاسی هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی حکوومەت لەلایەن هاووڵاتیانەوە، پەیوەندی متمانە بە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە هەڵسوکەوت سیاسی ڕوونکردەوە وەك نمونەی یاسا و پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ سیاسیەتی ناوخۆیی و پێزانین بۆ ئەو کەسانەی چاکسازی لە حکومەت دەکەن لەگەڵ ئەدای دامەزراوە سەرەکییەکان ئەمەشی زیاد کرد کە متمانە بە حکوومەت کاردەکاتە سەر بەشداربوونی ئەم کۆمەڵگەیە لە شارستانیەت دا، کەمی متمانە نیشانەیە لەسەر کەمی ئاستی شەرعیەتی ئەم دامەزراوە سیاسیانە.

لە هەندێك لێکدانەوەدا هەمەجۆری هۆکارەکانی نەمانی متمانەی سیاسی هەیە کە دەگۆڕێت بە جیاوازی سیستەمی سیاسی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە هۆکاری هاوبەشیش هەبن لەوانەش (Gronke And Cook, 2001: 30).

گیرەشێوێنی پارتی و ململانێی سیاسی لە نێوان کوتلەو پارت و ڕەوتەکاندا کە بەشدارن لە کرداری سیاسی، کە ئەم ململانێیانەش سەرەدەگرێ بۆ ئەوەی حکومەت نەتوانێ کاری خۆی بکات و سەرکەوتوو نەبێت. ئەمەش وادەکات کە هاوولاتییان نارازی بن لەو حکوومەتە خاوەن بڕیارە، کە ئەمەش لاوازی دەسەلاتی یاسادانان نیشان دەدات لە بەرامبەر دەسەلاتی جێبەجێکردندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەرلەمان نەبێتە نوێنەری ڕاستەقینەی خەلك و ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی بۆشایی لەنێوان هاوولاتییان و دامەزراوە سیاسییەکان دا.

ئەمەش سەرهەلدەدا بۆ دروستبوونی نەمانی متمانەی سیاسی لەنێوان نەتەوە و حکوومەتدا. بەشێك لە توێژینەوەکانیش دەریانخستووە کە هەلنەستانی حکوومەت بۆ بەجێگەیاندن و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی هاوولاتییان، هەروەها سەربەخۆنەبوونی دادوەری و زیادبوونی دەزگای ئەمنی و پۆلیسی و گەندەلی سیاسی ئەمانە بە گرنگترین هۆکاری دادەنێن کە دەبێتە هۆی نزمبوونەوە و داخورانی متمانەی سیاسی. لەگەل ئەم ڕەوتەدا هەندێك لە لێکۆلەرەوان بۆ ئەوە چوون کە یەکێك لە هۆکارەکانی نەمانی متمانەی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانەی کۆمەلایەتی لە کۆمەلگەدا (Gronke and Cook, 2001:46).

**بەشی سێیەم**

**پارتە سیاسییەکان و ڕۆلیان لە متمانەی سیاسیدا**

**باسی یەکەم: دروستبوونی پارتە سیاسییەکان**

دیاردەی پارتە سیاسییەکان دەکرێ توێژینەوەی لەسەر بکرێ لە زۆر لای جیاوازەوە، سیاسی، کۆمەلایەتی، ڕێکخستن، ئابووری، یاسایی بە هۆکارو شیکردنەوەی هاوتەریب، بەلام لەگەل ئەوەشدا لێکۆلینەوە لە حیزبە سیاسییەکان تاوەکو ئێستاش بە بەرەنگارییەك دادەنرێت لە بەردەم کەسە تایبەتمەندەکان و بە بابەتێکی بە کێشەو ئالۆز دادەنرێت ئەوەش لە ئەنجامی کۆمەلێك هۆکار لەوانە هۆکاری ناوخۆیی: پەیوەستە بە پارتەوە لەڕووی دروست بوون و بنیاتی ڕێکخستنی و شێوەی سەرکردایەتیەکەی و سەرچاوەی ڕەوایەتی و سروشتی دەسەلات تیایدا و پەیوەندی نێوان سەرکردەکانی و ئەندامانی و چوارچێوەی بیر و ئایدۆلۆژیا و ئامانج و بەرنامەی و سیاسەتەکانی و ڕۆل و کارەکانی و هۆکارەکانی ڕاگرتن و چوارچێوەی چالاکی و سەرچاوەی سەرمایەی و هۆکارەکانی گەیاندنی لە کۆتاییش قەبارەی ئەندامانی چەندە.

هۆکارە دەرەکییەکان: وەك ژینگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و یاسایی و ڕۆشنبیری کە پارتەکان کاری تێدا دەکەن لەگەل شێوەی حکومڕانی دەولەت و سروشتی سیستەمی هەلبژاردن و چوارچێوەی یاسایی کارکردنی پارتەکان و دواینیان پەیوەندی ئەو پارتانە بە دەولەتەوە و بە کۆمەلگەو پارتەکانی تریشەوە.

لەگەل ئەو زەحمەتیانەدا ئەم توێژینەوەیە هەولی شیکردنەوەی دیاردەی پارتە سیاسییەکان دەدات بە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجیانە، بابەتەکە هێشتا پێویستی بە توێژینەوەی زیاترە بەتایبەت لەلایەن بیرمەندە کۆمەلایەتیە سیاسییەکانەوە، ئەم شیکردنەوەیەش لە گریمانەیەکی وتراوەوە دەستپێ دەکات "پارتە دیارەکان تێکەلەن دروست بوون بە کاری هۆکاری کۆمەلایەتییەوە و هەرچیەك ڕوویدات لە دوای ئەو دروست بوونە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو دروست بوونەوە دەبێ، چ لەڕووی پەیوەندییەکانەوە یاخود کارلێکەکان و ڕێکخستنەکان و دەسەلات و حوکم یاخود هەلبژاردنەکانەوە... تا کۆتایی".

ئەگەر وامان دانا کە پارتەکان دیاردەی سیاسین، بەلام ناتوانین هۆکاری کۆمەلایەتی فەرامۆش بکەین کە هۆی دروستبوونییان بووە. دیاردەی کۆمەلایەتی دروست دەبێت کاتێك هەلسوکەوتێك دەردەکەوێت- تەنانەت ئەگەر لەیەك کەسیش بێت- لەژێر کاریگەری کەسێکی تر یاخود کۆمەلێك کەس بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو کەسانە ئامادەن لەڕووی فیزیکی لەشەوە یاخود نا، لە کرداری کارلێکردنی گۆڕینەوە خودی تاکەکان پەیڕەوی کارلێکردن دەکەن لەیەکتر وەبەشدار دەبن لە وەرگرتنی سیفەتەکان یاخود پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان بەشێوەیەکی گۆڕینەوە. کاری کۆمەلایەتی ئەو سیفەتە گشتییەیە کە کۆمەلە کەسە جیاوازەکان پابەندی دەبن لە دەرئەنجامی چالاکییە هاوبەشەکانیان کە دیاردەکەوێت لە تێکەل بوون و کارلێکردنیان لەیەکتر ئەمەش پەیوەندی کۆمەلایەتی دروست دەکات لە نێوان تاکەکان و کۆمەلە کەسەکان بەرامبەر یەکتر و بەپێی شوێنیان لە کۆمەلگەدا و لەهەمبەر دیاردەو کردارەکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا، ئەمەش مانای شێوەو ئەو ناوەڕۆکی پەیوەندیەین لە نێوان تاکەکانی و کۆمەلەیەك لە شوێنکەوتەی ئەو جێگایەوە دێت کە کاری تێدا دەکەن، بۆیە ڕۆلیان دەبێت لە هەموو کایە جیاوازەکانی بنیاتی کۆمەلایەتی. (سیبوف، 1990: 59)

پارت وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دروست دەبێت لە ئەنجامی کارلێککردنی خەلك لەیەکتر کە تیایدا جیاوازییەکان یەك دەگرن لە شوێنێك و ڕۆلیان لە بنیاتنانی کۆمەلایەتی دیار دەبێت و ئەم ڕۆلەی لە گەورە بوون دەبێت بەسەر تاکەکان و کۆمەلەکان بەسەر دیاردەو کارەکانی ژیانی کۆمەلایەتییان. (سیبوف، 1990: 59)

ئەم دروستبوونەش دەتوانرێت دەربڕێت بەپێی لێکدانەوەی فیلیپ (برو). (برو، 1998 :355)

بە دانانی تاکەکان توانستیان بەشێوەیەکی هاوبەش لە خزمەتکردن و دەستپێشخەریکردن لە کارکردن لەسەر شانۆی سیاسی، کاتێك بەمە هەلدەستن دەکەونە دژیەك لەگەل یەکتر و بەریەك دەکەون و دژایەتی یەکتریش دەکەن لەگەل شێوەی تری ڕێکخراوی چاودێری و ئاینی و ڕۆشنبیری لێرەوە پارت هەولدەدات خەلك بهێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە ئەو ڕاستە و قەناعەتیان پێبکات کە ئامانجەکانی بەنرخن و بە بەرنامەکانی خۆی وەك نوێنەری دانیشتوانی نیشان دەدات.

دەرکەوتنی پارتیش دادەنرێت- وەك هەر کارێکی کۆمەڵ لە ژیانی گشتی دا- بە تۆڕی خەڵك ئینجا چ سەرکردە بن یاخود شۆڕشگێران یاخود چالاکوان یاخود تەنها ئەندامێکی سادە لە نێوان خۆیان دەبەسترێنەوە بە پەیوەندیەکی کارلێککردن، لەم پەیوەندیەش دا توانستی نایەکسان لە نێوانیان دا هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شێواوی گێرە شێوێنیەك لە نێوانیان و شوێنکەوتویان، هەروەك دەبتە هۆی دروست بوونی لایەنگیری و دروست بوونی دوژمنایەتی، ئەندامەکانی پارتیش کۆمەڵێك باوەڕی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، هەروەك سوودو مەسلەحەت و شیکردنەوەی خۆشیان دەبێت. (برو، 1998 :356)

لەگەڵ ئەم ڕاستیە کۆمەڵایەتییەی کە هەست پێدەکرێت پارت لەسەر ئاستی ڕەمزی زمانەوانی کە ناوێکی بۆ دادەنرێت واتا کاریکرێت بۆ ژیانەوەی کیانێکی یەکگرتووی پتەو کە بتوانێ وەك کاری کۆمەڵ وەربگیرێ، ئەو بەرپرسانەش کە مافی قسەکردنیان پێ دەدەرێت بەناوی پارتەوە قسە بکەن دەبنە شێوەو دەنگی و پاڵپشتی دەبن بە خۆراگری و شیکردنەوەی بارودۆخەکان، بەڵام ئەمانەش بەتەنها نین ئەوانەی دژیانن لە چاودێریانن و تۆمەتباریشیان دەکەن و قسە لەسەر کردارو جولەکانیشان دەکەن، هەموو ئەمانە بەشدار دەبن لە دروست بوونی تێگەیشتنێك بە لایەنی ئەرێنی بێت یان نەرێنی کە وێنەیەکی ئامادەکراو نیشان دەدات کە هاوشێوەی شانۆی کۆمەڵایەتییەکەی نیشان بدات، پارت بڕیاریدا پارت دوودڵ بوو پارت هیوا دەخوازێ... تا کۆتایی.. هەموو ئەم زاراوانە ڕاستییەکان نیشان دەدەن و لە هەمانکاتیش دەشیشارێتەوە. (برو، 1998 :356)

وادەردەکەوێ کە پارتە سیاسیەکان وەك یەکێك لە دەستکەوتەکانی پێشکەوتنی سیاسی ڕۆژئاوایی بن، خۆی بینیەوە لە هەموو ڕێکخستنە سیاسییەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاستەنگی بینیەوە لە بینینی هەمان ڕۆڵ لە ناوچەی تر، دیاردەی پارت لە جیهان جگە لە ڕۆژئاوا نەگەیشتە ئاستی ئەزموونی، پارتی ڕۆژئاوایی، ئەمەش لە ئەنجامی نەبوونی مەرجی پێویست بۆ چالاکبوونی دیموکراتی دەگەڕێتەوە کە بە ژینگەی لەبار دادەنرێ بۆ نوێخوازی بەهەمموو شێوە جیاوازەکانی. پارتیش بە لە ڕێگای ئەو تێگەیشتن و توێژینەوەوانەی کە لەبارەیەوە کران بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ گواستنەوەی بارودۆخی سیاسی نەتەوەیەك بۆ بارودۆخێکی سیاسی تر، ئەزموونە سیاسی و مێژووییەکان ئەوە دوویات دەکەنەوە کە پارتی سیاسی کار دەکات لەسەر چالاککردنی ژیانی سیاسی چ بە ڕێکخستنی تەنیا- کاتی نوخبەی سیاسی باڵ دەکێشن- یاخود ڕێکخستنی کۆمەڵێی کاتێ چوارچێوەی پێشبڕکێ و جێگرەوەی جیاجیا دروست دەکات کە داڕێژراوە بۆ جیاوازییەکان، بەمەش دەبێتە قسەکەری فەرمی هاوولاتییان و خواستەکانیان، بەڵام ئەم دۆخەی پارت بەکاری دێنێ دەبێتە لەمپەر لەبەر دەم ڕێکخستنی تردا، چونکە وا خۆی نیشان دەدات تاکە ڕێگای خزمەتی سوودی گشتییە. ( Sadoun, 1994: 259)

دەتوانرێت بگوترێ بەگشتی پارت و دیاردەی پارتی ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتییە، مانەوشی لە ئێستا بەستراوە بە توانای بەگەڕخستنی چالاکییەکانیەتی لە بەرامبەر گەشەسەندنی ڕێکخراوەکانی تردا لە ژیانی سیاسیدا، لە ئێستادا پارت لە ڕۆژئاوا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەگێڕێت زیاتر لەوەی سیاسی، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا لەم ڕۆڵە بەدووره، چونکە تاکە ئامانجی دەست بەسەر داگرتنی دەسەڵاتە لەگەڵ مانەوەی خۆی، و دیموکراتی دادەنێن وەك هۆکارێك بۆ هێشتنەوەی نوخبەی کۆن لە ژیانی سیاسیدا.

دەربڕینی پارتە سیاسییە جیاوازەکان بۆ چاکسازی و هاوتەریب لەگەڵ بنیاتنانەوەی هەیکەلی ئابووری لە وڵاتە جیاوازەکان بۆ نوخبە تقلیدیەکانە و ئامانجیەتی بیانگەڕێنێتەوە یاخود بیانهێڵێتەوە لە دەسەڵات بە ڕێگای شەرعی یاخود ناشەرعی.

**باسی دووەم: پارتە سیاسییە کوردستانییەکان**

ئەوەی جێی گومان نییە کە زانستی سیاسەت واتا لێکۆڵینەوە لە پارتە سیاسییەکان، هەر ئەمەش مانای زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی دەگەیەنێت. کەواتە بواری توێژینەوەی هەردووکیان چییە؟ یاخود بەدیاریکراوەی بواری توێژینەوەی تایبەت بە زانستی سیاسەت چییە؟ و چی دەمێنێتەوە بۆ زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی لە لایەنەکانی پارتی سیاسی تا توێژینەوەی لەسەر بکات؟ لە ڕاستیدا زانستی سیاسەت مەیلی بەلای پارتەکان و ڕێکخستنە پارتیەکان دەچێت بەوەی کە ئاماژەی روونکراوەن، بەڵام زاستی کۆمەڵایەتی سیاسی بۆ ئەوە دەچێت کە ئاماژەی مەرجدارن کە دەبێ لێکدانەوەی بۆ بکرێت، واتا زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی لێکۆڵینەوە دەکات کە ئایا پارت و سیستەمی پارتی تا چ ڕادەیەك ڕووخساری پێکهاتەی کۆمەڵگەکەیەتی و کۆمەڵگەکەی دەنوێنێ لە هەمانکاتدا، بەدوای خاڵە هاوبەشەکانیان دەگەڕێت، هەروەها بەدوای دابەش بوون و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانیش- کۆمەڵایەتی ئابووری- ڕۆشنبیری- دەگەڕێت، و پلەی جیاوازی و بەیەکگەیشتنی پێکهاتەکانی تاوتوێ دەکات، لەگەڵ پلەی گەشەسەسەندنی ئابووری و لەو شێوەیە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ کە زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی تەنها ئەم بوارانەی پارتە سیاسییەکان دەگرێتەوە، بەڵکو مانای گرنگییەکانی پێش هەموو شتێك بۆ ئەو بووارانە دەبێت کە باسمان کرد، بەڵام لایەنی تر وەك دیموکراتی لە ناوخۆی پارت و سروشتی بەیەکەوە بەسترانی سەرکردایەتی و قاعیدەی، لەگەڵ ڕێکخستنی پارتی و بنیاتی پارت هی تریش هەموو لە توێژینەوەی زانستی سیاسەتن، لەگەڵ ئەوەش زانستی کۆمەڵایەتی سیاسی چاو داناخات لەم بابەتانە بەگشتی. (الاسود، 2015 :325)

پۆلێنکردنی پارتە سیاسییەکان تووشی کێشەی ئەوەمان دەکات کە بە چ پێوەرێك پۆلێنیان بکەین، ئاسان نییە پۆلێنی یەکگرتوو بدۆزینەوە کە پارتە سیاسییەکان دابەش بکات، ئەمەش بۆ جیاوازی سروشتی پارتەو ڕێکخستنەکانیان و ئامانجیان دەگەڕێتەوە یاخود بۆ جیاوازی ڕێکخستنی سیاسی و جۆراوجۆریان دەگەڕێتەوە.

- لەکاتی گفتوگۆ لەبارەی پۆلینکردنی پارتە سیاسییەکان ئەوە دەبێ باسی گرنگترین ئەو نووسەرانە بکەین لەم بوارەدا ئەویش "موریس دوفرجیە" کە جاوازی کرد لە نێوان پارتی نوخبەو پارتی جەماوەری، پاشان پۆلێنێکی تری زیاد کرد لە ساڵی (1976) ئەویش پارتی خاوەن هەیکەلی پتەو و پارتی نەرم. (عبد النور، 2015 :35)

زانای سیاسەت "جۆن شارلو" پێشنیازی سێ پۆلینی کرد کە لەبەرچاو بگیرێت، پارتێکی ئایدیۆلۆجیا نەبێت و رێکخستنی دیاری پارت و بەتایبەت ئامانجەکانی پارت و ستراتیژییەکانی و ئەم پۆلێنە بەوە دەناسرێتەوە کە پارتی دیارو پارتی تێکۆشەران و پارتی کۆمەڵەکان دیار دەکات:

1- پارتی دیار: بە پارتی ئاتر (الاطر) دەچێت، تیایدا کەسایەتی دیار هەن کە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرزیان هەیە سەرمایەیەکی زۆریانی هەیە کە پاڵپشتیان دەکات بۆ ئەوەی جەنگی هەڵبژاردن نوێنەرەکانی دەربچوێنێ.

2- پارتی تێکۆشەران: گرنگیەکی زۆر دەدات بە بەشداربووانی ریزەکان، و ئەوانەی ئابوونەی بەشداربوونیان دەدەن و چالاکی بۆ بەرژەوەندی پارت ئەنجام دەدەن، ئەو تێکۆشەرانەی کە کاریگەری گەورە دروست دەکەن بۆ سەرکەوتنی پارت و وەرگرتنی بڕیارەکان.

3- پارتی کۆمەڵەکان: گرنگی بە بەرژێرەکان کە پارت سەردێخن لە هەڵبژاردنەکان ئەم پارتانە چینایەتی نین و ئامانجی پاڵپشتی بەرژێرەکان دەکات کە لە رەچەلەکی کۆمەڵایەتین یان پیشەیی یان عرقی جیاوازن. (السويدي، 1990: 103).

- ئێستاش بەرەوە پۆلێنی پارتە سیاسییە عەرەبییەکان دەچین کە پشت بە پێوەری ئایدیۆلۆجی دەبەستێت و شێوەی ئەندامێتی و سروشتی چینی پاڵپشتیکەری، پلەی دامەزراوەیی، هۆکارەکانی کارکردنی، ئەمانیش:

1- پارتی کەسی: بانگەوازی گۆڕانی مام ناوەند دەکات و پێشبڕکێ قبوڵ دەکات، سەرکردەکانی لە چینی بەرزی چینایەتی هەڵدەبژێرێت وەك خاوەنی زەوی کشتوکاڵی و بازرگانە گەورەکان و جەماوەری دیاریکراوە کەمیش بەربڵاوە لە ئاستی چینی مام ناوەند دا، پشت بە شێوەی گفتوگۆو وتار دەبەستێت.

2- پارتی کادرەکان: دەرکەوتن بۆ دژایەتی سیستەمی دەسەڵاتدار، ئایدیۆلۆجیای بە شۆڕش ناسراوە، کێبڕکێی پارتی رەتدەکاتەوە، هەڵبژێردراوانی لە رۆشنبیران و فەرمانبەرانن.

3-پارتی جولانەوەی نیشتمانی: لە وەڵامی داگیرکاری دەرکەوتن، ئامانجیان سەربەخۆیی بوو، لە گوندنشینەکان زیاتر دەرکەوتن کەسایەتی کارێزمی دەوری گرنگی هەبوو.

4- پارتی سیستەمی دەسەڵاتدار: سیستەمی سەربازی دروستی کرد لە دەیەی پەنجایەکان و شەستەکان کاتێ هەستی بە پێویستی بناغەی جەماوەری رێکخراو کرد، بەحوکمی دروستبوونی کە وابەستەی دەسەڵات بوو و دژایەتی کێبڕکێی پارتی بوون.

5- جولانەوەی ئاینی: لە بیستەکان دەرکەوتن لە یەکەمینەکانی رێکخستنەکان بوون کە قاعیدەیەکی جەماوەری گەورەیان هەبوو، پاشان لە حەفتاکاندا بڵاوبوونەوە، ئایدیۆلۆجیایان بانگەوازی گۆڕینی شۆڕشگێری خێرا دەدات، بەرپەرچی دەسەڵات دەداتەوە گرنگی بە پێشبڕکێی پارتی نادات.

## لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکە

### یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو توێژینەوەی ئێستامان پەیرەوی بەرنامەی وەسفی بە رێبازی ڕووپێوی کۆمەڵایەتیی بە نموونە-مان کرد، بۆیە پێویست بوو لەسەر توێژەر کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری بکات و نموونەکان لەم کۆمەڵگەیە هەڵبژێرێت بۆ توێژینەوەکەی، ئەو کەرەستانەش ئامادە بکات کە وەسفی ڕاستی و چەسپاوی زانیارییەکان بکەن لەگەڵ هەڵبژاردنی هۆکاری ئاماریی گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتاکانی ئەم توێژینەوەیە و چارەسەرکردنی.

### دووەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە قوتابییانی زانکۆی دیاریکرد بە (کوڕ و کچەوە) بۆ ساڵی خوێندنی 2020-2021، لە خوێندنی بەیانیان لە کۆلێژە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا، تەنها لە هەردوو قۆناغەکانی سێ و چوار، ئەم رێکارەش، بۆیە واداندرا، چونکە کۆمەڵەی توێژینەوەکە تەنها گەنجانی دیاریکرد، بۆیە توێژەر موکوڕ بوو لەسەر هەڵبژاردنی ئەم دوو قۆناغە بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکەسی نێوانیان بەوەی کەلە قۆناغی هەرزەکاری تێپەڕ بوون.

هەڵبژاردنی زانکۆکانیش بەمەبەست هەڵبژێردران کە ئەمانەن: زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر و زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆك کە ئەمانە زانکۆی دایکن لەهەر پارێزگایەك بەهۆی زۆری بەشەکانی و ژمارەی قوتابییان تیایاندا. بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

خشتەی (1) دابەشبوونی تاکەکانی کۆمەڵەی بنەڕەت بۆ توێژینەوەکە بەپێی زانکۆ و ڕەگەز و قۆناغ

| ژ | زانکۆکان | قۆناغی سێیەم | | کۆ | قۆناغی چوارەم | | کۆ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کوڕ | کچ | | کوڕ | کچ | | |
| 1 | سەلاحەددین/ هەولێر | 2729 | 3564 | 6293 | 2507 | 3472 | 5979 | 12272 |
| 2 | زانکۆی سلێمانی | 2031 | 3231 | 5262 | 2192 | 3560 | 5752 | 11014 |
| 3 | زانکۆی دهۆک | 2412 | 2571 | 4983 | 2880 | 3010 | 5890 | 10873 |
| | کۆ | 7172 | 9366 | 16538 | 7579 | 10042 | 17621 | 34159 |

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە**

نموونەی توێژینەوەکەی ئێستا پێکهاتووە لە (336) قوتابی کە هەڵبژێردراون بەپێی چینی هەڕەمەکی، لە چوار کۆلێژ ئەمانیش: (ئاداب و ئەندازیاری/ سەلاحەددین، ئەندازیاری و کۆلێژی مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانست و پەروەردە/ زانکۆی دهۆک). پاشان هەڵبژاردنی بەشەکان و قوتابییان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بوو لە هەموو کۆلێژەکان. بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2) نموونەی سەرەکی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و قۆناغەکانی

| ژ | ناوی زانکۆ یاخود کۆلێژ | بەش | قۆناغ | ڕەگەز | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کوڕ | کچ | |
| 1 | زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژ ئاداب | کۆمەڵناسی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | دەروونزانی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| 2 | زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژ ئەندازیاری | شارستانی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | کارەبا | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| 3 | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی مرۆڤایەتی | کۆمەڵناسی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | مێژوو | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| 4 | زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی ئەندازیاری | شارستانی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | کارەبا | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| 5 | زانکۆی دهۆک/ کۆلێژی پەروەردە | زمانی عەرەبی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | دەروونزانی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | زانکۆی دهۆک/ کۆلێژی زانست | کیمیا | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | | بایۆلۆژی | سێیەم<br>چوارەم | 7<br>7 | 7<br>7 | 14 |
| | کۆ | | | 168 | 168 | 336 |

**چوارەم: وەسفکردنی نموونەی توێژینەوەکە:**

توێژەر بەباشی زانی وەسفێکی نموونەی توێژینەوەکەی بکات لە هەندێك گۆڕانکاریدا بە ئامانجی سوودبینین لە دەرهێنانی جیاوازی تاکەکەسی لە هەندێك تیایاندا و پێدانی ڕاڤەی ورد لەبارەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، خشتەی (3) کە تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە بەپێی ژمارەیەك لە گۆڕاوەکان.

خشتەی (3) نمونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە بەپێی ژمارەیەك لە گۆڕاوەکان

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە | % | کۆی گشتی | | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | نێر | 168 | 50 | 336 | | %100 |
| | مێ | 168 | 50 | | | |
| گۆڕاو | تەمەن | ژمارە | % | کۆی گشتی | | ناوەندین |
| **تەمەن** | 20 | 20 | 6.0 | 336 | 24.5 | % |
| **تەمەن** گۆڕاو | 21 | 114 | 33.9 | 336<br>کۆی گشتی | 24.5<br>% | 100 |
| | 23 | 115 | 34.2 | | | |
| | 24 | 35 | 10.4 | | | |
| | 25 | 20 | 6.0 | | | |
| | 26 | 17 | 5.1 | | | |
| | 27 | 7 | 2.1 | | | |
| | 28 | 8 | 2.4 | | | |
| | ئاستی ئابوری | ژمارە | % | | | |
| **ئاستی ئابووری** | خراپ | 32 | 9.5 | 336 | | 100 |
| **ئاستی ئابووری** گۆڕاو | مام ناوەند | 170 | 50.6 | 336<br>کۆی گشتی | | 100<br>% |
| | باش | 105 | 31.3 | | | |
| | زۆرباش | 19 | 5.7 | | | |
| | نایاب | 10 | 3.0 | | | |
| | نەتەوە | ژمارە | % | | | |
| **نەتەوە** | کورد | 303 | 90.2 | 336 | | %100 |
| **نەتەوە** گۆڕاو | عەرەب | 15 | 4.5 | 336<br>کۆی گشتی | | %100<br>% |
| | تورکمان | 10 | 3.0 | | | |
| | ئاشوری | 8 | 2.4 | | | |
| | ئایین | ژمارە | % | | | |
| ئایین | موسلمان | 320 | 95.2 | 336 | | 336 |
| ئایین | کریستیان | 8 | 2.4 | 336 | | 336 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕاو | ئێزیدی | 5 | 1.5 | کۆی گشتی | % |
| | کاکەیی | 3 | 0.9 | | |
| | باکگراوندی کۆمەڵایەتی | ژمارە | % | | |
| **باکگراوندی کۆمەڵایەتی** | لادێی | 54 | 16.1 | 336 | %100 |
| **باکگراوندی کۆمەڵایەتی** | شاری | 282 | 83.9 | 336 | %100 |
| | | | | | |

**پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**بەکارهێنانی پێوەرەکان:-**

دانانی دوو پێوەر بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی:

ئەم توێژینەوەیە پێویستی بە دوو ئامراز یان دوو پێوەر هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، یەکێکیان بۆ پێوانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی ئەویتر بۆ پێوانی متمانەی سیاسی.

بەهۆی نەبوونی پێشینەیەك بۆ پێوانەیەکی نێوخۆیی کە تایبەت بێ بە پێوانی ئەم دیاردەیە بۆیە توێژەر پەنای برد بۆ ئامادەکردنی پێوانەیەکی تایبەت بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی:

- هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی:

1- دیاریکردنی بوارەکانی پێوانەکە.

1- نوسین و داڕشتنی بەشەکانی لەگەڵ دانانی ڕێنماییە تایبەتییەکان بۆ تاقیکردنەوەو دەرهێنانی ڕاستیانەی ڕواڵەتی و ڕاستیانەی وەرگێڕان و شیکردنەوەی بەشەکان لەگەڵ چەسپاندنی بەشەکان پاش هەموو ئەمانە ئامادەبوو بۆ بەجێگەیاندن.
2- هەڵبژاردنی نموونەیەك کۆمەڵگەی تاقیکردنەوە بنوێنێ.
3- جێبەجێکردنی بەشە داڕێژراوەکان لەسەر ئەو نموونەی دیاریکرا بوو (Alle & yen, 1979, p:118-119).

**1- پێوەری سەقامگیری کۆمەڵایەتی:**

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەی ئێستا توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ سەقامگیری کۆمەڵایەتی بە پشتبەستن بە تیۆری بنیاتنانی کارئەندامی (البنائیة الوظیفیة) و بەتایبەت تێڕوانینی پارسۆنز و بە سوود بینین لە ڕای ئەلکسەندەر جیفری بۆ متمانەی کۆمەڵایەتی هەروەك بابەتی بەشی دووەم بوو،لەبەرئەوەی ڕەهەند و بوارەکان و کۆبەند (نسق)ـەکانی تایبەت بە سەقامگیری کۆمەڵایەتی لەلای پارسۆنز زۆرن، لەبەر ئەمە توێژەر سێ ڕەهەندی دیاریکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی:

1- سازانی کۆمەڵایەتی: (هاوسەنگی کۆبەندە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و ماددیەی تیایدایە کە لە کۆبەندی کۆمەڵایەتییە لەنێو بنیاتی گشتی هەر کۆمەڵگەیەك، گرنگترین کرداری سازان بریتییە لە تەواوکردنی یەکتر لەگەڵ لقی کۆبەندی دیکەدا). و بە پێوانەی ئێستا ڕادەی خۆگونجانی تاك و بوونی سازانی کۆمەڵایەتی دەپێوێ لە کۆمەڵگەدا.

2- بنەماو پێوانەکان: (پێکهاتەی وەرگیراون لە ئارمی (ڕەمزی) کۆبەندی هاوبەش، دادەنرێت بە پێوانەیەك یاخود بۆ بە ئاستێك دادەنرێت لە نێوان جێگرەوەی ئاڕاستەکردن کە لە بارودۆخەکە هەیە، وەك ئەوەی لێرەدا بنەما ڕۆڵی پێوانەی گشتی و سەرەکی دەبینێت کە ئەندامانی کۆمەڵگە بەشداری و هاوبەشی دەکەن لە بەدیهێنانی تەواوکاری و ڕێکخستنی چالاکی ئەندامانی) و بە پێوانەی ئێستا ئاستی پابەندبوونی هەموو ئەمانەی لە کۆمەڵگە دان دەپێوێ بۆ بنەماو پێوانەکانی".

3- تێربوون لە پێویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکان (توانای تاکە بۆ بەکارهێنانی ڕاو ئارەزووەکانی لە بەرامبەر سزاو بارودۆخە نوێیەکان بۆ دروستکردنی تەواوکاری نێوان هەڵسوکەوتی تاك و چالاکی و تێربوونی لە پێویستییەکان و داواکارییەکانی کۆمەڵگەیەکەی)، پێوانەی ئێستا تێڕوانینی تاك دەپێوێ بۆ ڕادەی تێربوونی لە پێویستییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا".

لێرەدا توێژەر هەڵسا بە ئامادەکردنی (45) بەش لە پێوانەکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی بۆ هەر دووریەك (15 بەش) و پێکیش هاتووە لە بڕگە ئەرێنی و نەرێنییەکان:

| پێوەری سەقامگیری کۆمەڵایەتی | بڕگەکان |
| --- | --- |
| بڕگە ئەرێنییەکان | 1،2،3،4،7،10،13،20،22،23،24،25،27،28،29،31،32،34،39،40،41،42،44) |
| بڕگە نەرێنییەکان | 18,19,21,26,30,33,35,36,37,38,43,45,5,6,8,9,11,12,13,14,15,16,17 |

**2- پێوەری متانەی سیاسی:**

هەرچی لایەنی متانەی سیاسییە دوای ئەوەی توێژەر خوێندنەوەی لەسەر چوارچێوە تیۆرییەکان کرد و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر بابەتی متانەی سیاسی کرد، پشتی بەست بە تیۆری و پێناسەی "هیتر تفتون (2001) کە متانەی سیاسی Political confidence ناساند بەوەی (متانە بە حکومەت بریتییە لە ڕادەی توانای میللەت بۆ پێشبینیکردن و پێشکەشکردنی پاڵپشتی بۆ سیاسەتەکانی حکوومەتی داهاتوویان، ئەم متانەیەش بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لە پەیوەندی نێوان پارتەکان و ئایدیۆلۆجیاکان و بەهەڵسەنگاندنێکی بەهێز دادەنرێت کاتێك دەبینین چالاکییەکانی حکومەت دەبینین بە تەواوی هاوشێوەی وەکو پێشبینییەکانی میللەت دەبێ بۆ ئەنجامەکانی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار).
بەسوود وەرگرتن لە هەندێك پێوەری تایبەت بە متانەی سیاسی و وەك پێوانەی (عیسا و سادق 2019) و (مەریەم و خەدیجە، 2016) توێژەر هەڵسا بە ئامادەکردنی (18) بەش بۆ پێوانی متانەی سیاسی کە پێکهاتووە لە بەشە نەرێنییەکان و بەشە ئەرێنییەکان بەو جۆرەی لە خشتەی ( ) خراوەتەڕوو.

| پێوەری متانەی سیاسی | بڕگەکان |
| --- | --- |
| بڕگە ئەرێنییەکان | 1،2،3،4،6،7،12،15 |
| بڕگە نەرێنییەکان | 5،8،9،10،11،13،14) |

**مەرجە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

**ڕاستگۆیی دیار بۆ پێوانەکانی توێژینەوەکە:**

ڕاستگۆیی بە گرنگترین تایبەتمەندی دادەنرێ لە تایبەتمەندییەکانی پێوانەدا، واتای ڕاستگۆیی ئاماژە بەوە دەکات، بەدیهاتنی ڕاستی لە پێوانەدا واتای کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەیە کە پاڵپشتی ئەو بەڵگەخوازی دەکەن (ئەبو علام، 2007، ل 465).
هەروەها"Ebel" و "Allen &yen" ئاماژە دەدەن بەوەی کە باشترین ڕێگا بۆ بەدیهاتنی ڕاستگۆیی دیار ئەوەیە بەشەکانی پێوانە نیشانی کەسانی دادوەر و شارەزا بدەن بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاستی بەشەکان و پێوانەکانی بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەو پێوانەیەی کە ویستراوە. ( Ebel, 1972, p: 315).
لەوانەشە ڕاستگۆی دیار بەدیهاتێ بۆ پێوانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متانەی سیاسی لە ڕێگای نیشاندانی بەشەکانی بە کۆمەڵەیەك لە بڕیاردەر و شارەزا و تایبەتمەند بە بواری زانستی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی.. پاشکۆی (1)، ژمارەیان گەیشتە (45) بڕگە بۆ پێوانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و (18) بەش بۆ پێوانی متانەی سیاسی پاشکۆی (2) بۆ بڕیاردان لەسەر ڕادەی شیاوی بۆ پێوانی کە بۆ ئەو مەبەستە داندرا بوو، پشت بەسترا بە دوو پێوەر بۆ هێشتنەوەی هەر بەشێك لە بەشەکانی پێوەرەکان یاخود لابردن و چاککردنیشی ئەم دوو پێوەرەش:
ڕێکەوتنی شارەزاکان لەسەر ناوەڕۆکی بەشەکە و ئەوەی لە ناوی دا هاتووە بەوەی پێوانەی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەکات. هێشتنەوە ئەو بەشانەی ڕێژەی 80% و زیاتر دەهێنن.

بەهۆی ئەم ڕێکارانەوە دەرئەنجام بەمشێوەیە بوو کە شارەزایان بە ڕێژەی % 95 ڕێککەوتن لەسەر پێوانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی هەروەك هەندێك چاککاری زمانەوانیشیان تیاکرد بۆ بەشەکانی پێوانەکان، و % 85 بۆ پێوانی متانەی سیاسی هێنا بەوەی سێ بەشیان لابرد لە بڕگەکانی پێوەرەکە ئەوانیش (1،14،15)، لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێك چاککاری زمانەوانی بۆ پێوانەکان. پاشکۆی (3) و (4)

**ڕاستگۆیی وەرگێران بۆ پێوەرەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ مەبەستی دڵنیابوونەوە لە شیاوی وەرگێرانی پێوانەکان هەڵساین بە وەرگێرانی لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی لەلایەن کەسێکی تایبەتمەند لەم بوارەدا و پاشکۆی (5) لە پاشان پێوانەکان وەرگێڕدرایەوە لە کوردییەوە بۆ سەر عەرەبی لەلایەن کەسی بەهرەمەند لە هەردوو زماندا زمانی

کوردی و زمانی عەرەبی و لەپاشان بەراوردی هەردوو بەشە عەرەبیەکەی دەقە ڕەسەنەکەو دەقە دووبارە وەرگێڕاوە بۆ سەر عەرەبی لەلایەن شارەزاکانی زانستی کۆمەڵایەتی و زمانی عەرەبی. پاشکۆی (6) بینرا نزیکیەکی زۆر هەیە لە ناوەڕۆکی بەشەکان و بۆیە دڵنیایی درا لە ڕاستی وەرگێڕانی بەشەکانی پێوانەکان بۆ سەر زمانی کوردی و ڕێژەی ڕێککەوتنی شارەزایان لەسەر ڕاستی وەرگێڕانی پێوانەکان گەیشتە 95% بۆ پێوانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی، و 97% بۆ پێوانی متمانەی سیاسی.

ڕێکارەکانی شیکردنەوەی بەشەکانی پێوەری توێژینەوەکە: (سەقامگیری کۆمەڵایەتی، متمانەی سیاسی)

ئامانج لە بەجێگەیاندنی دوو پێوەرەکە لەسەر ئەو نموونەی کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەنوێنێ ئەوە بوو کە ئەو زانیاریانەمان دەست بکەوێت بتوانین لە ڕێگایانەوە ئەمانە بزانین:
1- هێزی جیاکاری بڕگە.
2- ڕادەی پەیوەستی بڕگە بە کۆمەڵگەی گشتی پێوانەکراو یاخود پەیوەندیان.
بۆ گەیشتن بەو ئامانجە توێژەر هەڵسا بە جێبەجێکردنی (پێوانەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی کە پێکهاتبوو لە (45) بڕگەو پێوانەی (متمانەی سیاسی) پێکهاتبوو لە (15) بڕگە پاشکۆی (4) لەسەر ئەو نموونەیە کە پێکهاتبوو لە (336) قوتابی زانکۆ کە هەڵبژێردران بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە زانکۆکانی هەرێم (زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر، زانکۆی سلێمانی، زانکۆی دهۆك) دابەش ببوون بەپێی گۆڕانە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز و تەمەن و قۆناغ و نەتەوە و ئایین و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی بژێوی ئابووری)

## ڕاستکردنەوەی دوو پێوەرەکەی توێژینەوەکە

توێژەر هەمان ڕێبازی بەکارهێنا لە پلەبەندی وەڵام و ڕاستکردنەوەی بڕگەکانی دوو پێوەرەکەی توێژینەوە، دوای ڕێککەوتنی شارەزایان لەسەر هەردوو پێوەر ڕاستکرنەوەی وەڵام بەپێی جۆری بڕگەکە دەبێت لە ڕووی ئەرێ بوون یان نەرێ بوون، ئەگەر بڕگەکە ئەرێنی بوو (ڕازیم هەمیشە، 5) هەمیشە ڕازیم 5ی بە جێگرەوەکە دەدرێت، ڕازیم، 4 بە جێگرەوە دەدرێت و (نازانم،3، بە جێگرەوە دەدرێت، نارازیم،2 بە جێگرەوە دەدرێت و (هەمیشە نارازیم،1) بە جێگرەوە دەدرێت, بەڵام ئەگەر بڕگەکە نەرێنی بوو (هەمیشە ڕازیم،1) بە جێگرەوە دەدرێت و(ڕازیم،2 بەجێگرەوە دەدرێت و (نازانم،3 بە جێگرەوە دەدرێت و، نارازیم 2 بەجێگرەوە دەدرێت، هەمیشە نارازیم،5) بە جێگرەوە دەدرێت، ئەمەیان لە پێرەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی پەیڕەو دەکرێت.

**ڕێکاری شیکردنەوەی بڕگەکان:**

**أ- دۆزینەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکان:**

مەبەست لە هێزی جیاوازی توانای بەشە بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان تاکەکان کە ئەوانەی نمرەی بەرزیان بەدەستهێناوە لەگەڵ ئەوانەی نمرەی نزمیان بەدەستهێناوە لەو سیفەتانەی کە بڕگەکان پێوانەی دەکەن (واتا پرس نامەکە اختبار) (أحمد، 1960، ص258).

پێوانەی کۆمەڵایەتی و دەروونی پێویستی بە هێزی جیاکاری بڕگەکان هەیە بە ئامانجی دوورخستنەوەی ئەو بڕگانەی کە جیاوازی نیشان نادەن لە نێوان وەڵامدەرەوەکانداو و دەبێتەهۆی هێشتنەوەی ئەو بڕگانەیکە دەبنە هۆی دەرخستنی جیاوازییەکان لە نێوانیان. (Ghiselli et. al., 1981, P. 434)

لەکاتی بەراوردکردنی ئەو کەسانەی کە وەڵامی بەرزیان داوەتەوە لە بەشێکدا لەگەڵ ئەو کەسانەی کە وەڵامی بێهێزیان داوەتەوە لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو کەسانە لە کۆمەڵەی وەڵامە بەهێزەکان لەگەڵ ڕێژەی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵەی وەڵامە بێهێزەکانن کە وەڵامی دروستیان داوەتەوە بۆ هەر بڕگەیەك، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕێژەیە دەبێتە جیاکاری نێوانیان (Kaplan & Saccuzzo, 1982, P. 146).

تشیر ئینستازي (Anastasi)یش ئاماژەی بە خاڵی نمونەیی هاوسەنگی داوە بۆ هەریەك لە وەڵامی بەرز و نزم کە پێیدەگەن ( Anastasi, 1988, P. 213)، (27%)، هەروەك توێژینەوەی کیلی(Kelley) یش بەهەمانشێوە ئاماژەی پێداوە (السيد، 1958، ص542).

قەوارەی نموونەکە کە نمرەکانی بە ئامارییانە چارەسەرکران لەم توێژینەوەیەدا لەکاتی هەژمارکردنی هێزی جیاکاری بڕگەکان کە (336) قوتابی بوون، وەڵامەکانیان ڕیزکران بە ڕیزکردنێکی سەرەوژێر لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە بە بەکارهێنانی شێوازی دوو کۆمەڵەی لاپەڕ (دژ، کۆنتراست، المتطرفتين (Contrasted Groups)ڕێژەی (27%) لە کۆمەڵەی بەرزەکان وەرگیرا وەبەهەمان ڕێژەش لە کۆمەڵەی نزمەکان وەرگیرا، بەمەش ژمارەی کەسەکان لەهەر کۆمەڵەیەك گەیشتە (91) کەس، بە بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی تائی (T-test)، هەر نموونەیەك بەجیا بۆ زانین و نیشاندانی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵەی بەرزو نزم و نمرەی هەر بەشێك لە بەشەکانی پێوانەدا، بۆ نواندنی بەهای تائی هەژمارکردنی هێزی جیاکاری بڕگە (Edwards, 1957, PP. 153-154).

ئەم ڕێکارە (جیاکاری) بۆ هەر پێوانەیەك (واتا پێوانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی)، بۆیە بڕگە بە جیاکار دادەنرێت بەپێی پێوانی تایبەت بەخۆی نەك بەپێی هەموو پێوانەکان، بۆ هەموو بەشەکانی دوو پێوانەکە نیشاندانی ئاماریانەم داناوە لە ئاستی (0.05) هەردوو خشتەی (4، 5) ئەمە ڕوونەدەکەنەوە.

خشتەی(4) هێزی جیاکاری پەرەگرافەکانی پێوەری سەقامگیری کۆمەڵایەتی بە بەکارهێنانی شێوازی نموونەیی توندڕەو.

| ت | برگە بەرزەکان | | گرووپی خوارەوە | | بەهای T-ژمێردراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەی | لەیەکچوو | ناوەندی ژمێرەی | لەیەکچوو | |
| 1 | 4،19 | 0،83 | 3،15 | 1،10 | 7،78 |
| 2 | 4،23 | 0،94 | 3،31 | 1،03 | 6،79 |
| 3 | 3،80 | 1،05 | 2،51 | 1،00 | 9،16 |
| 4 | 4،35 | 0،87 | 3،36 | 1،12 | 7،22 |
| 5 | 4،37 | 1،00 | 2،98 | 1،21 | 9،22 |
| 6 | 4،29 | 0،89 | 3،01 | 1،03 | 9،70 |
| 7 | 4،42 | 0،88 | 3،75 | 0،88 | 5،52 |
| 8 | 4،38 | 0،69 | 3،25 | 1،01 | 9،52 |
| 9 | 4،29 | 0،71 | 3،33 | 1،05 | 7،83 |
| 10 | 4،00 | 1،37 | 3،07 | 1،29 | 5،14 |
| 11 | 3،72 | 1،05 | 2،72 | 1،06 | 6،92 |
| 12 | 4،38 | 0،80 | 3،71 | 0،93 | 5،67 |
| 13 | 3،32 | 1،03 | 2،65 | 0،95 | 4،92 |
| 14 | 4،48 | 0،76 | 3،59 | 1،05 | 7،01 |
| 15 | 4،11 | 0،93 | 3،00 | 1،15 | 7،79 |
| 16 | 4،62 | 0،57 | 3،86 | 0،96 | 7،04 |
| 17 | 4.30 | 0.91 | 3.60 | 1.66 | 3.94 |
| 18 | 4.02 | 1.44 | 3.13 | 1.91 | 4.35 |
| 19 | 4.08 | 1.42 | 2.98 | 2.11 | 5.25 |
| 20 | 4.16 | 1.03 | 3.32 | 1.92 | 4.39 |
| 21 | 3.88 | 1.05 | 3.18 | 1.97 | 3.63 |
| 22 | 4.14 | 0.97 | 3.07 | 2.26 | 5.36 |
| 23 | 4.24 | 0.76 | 3.23 | 2.05 | 5.42 |
| 24 | 4.11 | 1.1 | 3.33 | 1.77 | 4.12 |
| 25 | 4.32 | 0.94 | 3.51 | 1.85 | 4.31 |
| 26 | 4.09 | 1.14 | 3.37 | 1.68 | 3.89 |
| 27 | 4.17 | 0.89 | 3.11 | 1.42 | 6.27 |
| 28 | 4.35 | 0.78 | 3.64 | 1.55 | 4.21 |
| 29 | 4.17 | 0.89 | 3.54 | 1.67 | 3.53 |
| 30 | 4.16 | 0.88 | 3.45 | 1.95 | 3.75 |
| 31 | 4.04 | 1.04 | 3.44 | 1.82 | 3.21 |
| 32 | 4.30 | 0.81 | 3.45 | 2.07 | 4.51 |
| 33 | **4,03** | **0,95** | **2,00** | **1,046** | **10,58** |
| 34 | **4,22** | **1,075** | **3,00** | **1,14** | **5,70** |
| 35 | **5,00** | **0,00** | **2,18** | **1,15** | **17,97** |
| 36 | **4,09** | **1,103** | **1,90** | **0,99** | **10,80** |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 37 | **4,29** | **1,19** | **2,31** | **1,24** | **8,46** |
| 38 | **4,27** | **0,91** | **2,98** | **1,20** | **6,28** |
| 39 | **4,11** | **1,17** | **1,88** | **0,94** | **10،82** |
| 40 | 4،54 | 0،58 | 3،37 | 1،09 | 9،80 |
| 41 | 3،70 | 1،10 | 2،88 | 1،30 | 5،66 |
| 42 | 3،78 | 1،63 | 2،26 | 1،33 | 3،99 |
| 43 | 4،98 | 0،83 | 3،45 | 1،12 | 7،86 |
| 44 | 4،32 | 0،94 | 3،32 | 1،09 | 6،79 |
| 45 | 3،08 | 1،06 | 2،52 | 1،23 | 9،11 |

دەركەوت كە هەموو پاراگرافەكانی پێوەرەكە جیاوازن لە ئاستی ئاماژەكردن (0.05)، چونكە بەهای T ژمێردراو گەورەترە لە خشتەی T بەهای (1.96) بە پلەی ئازادی (334)، و خشتەی (4) ئەمە نیشان دەدات.

خشتەی (5 ) هێزی جیاكاری پاراگرافەكانی پێوەری متمانەی سیاسی بە بەكارهێنانی شێوازی دوو نموونەی توندڕەو.

| ت | گرووپی بەرز | | گرووپی خوارەوە | | بەهای -Tژمێردراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لەیەكچوو | ناوەندی ژمێرەیی | لەیەكچوو | |
| 1 | 4.35 | 0.78 | 3.64 | 1.55 | 4.21 |
| 2 | 4.17 | 0.89 | 3.54 | 1.67 | 3.53 |
| 3 | 4.16 | 0.88 | 3.45 | 1.95 | 3.75 |
| 4 | 4.04 | 1.04 | 3.44 | 1.82 | 3.21 |
| 5 | 4.30 | 0.81 | 3.45 | 2.07 | 4.51 |
| 6 | **4,90** | **0,40** | **3,22** | **1,11** | **10,48** |
| 7 | **4,40** | **0,96** | **3,62** | **1,12** | **3,87** |
| 8 | **4,09** | **1,27** | **1,61** | **0,85** | **11,85** |
| 9 | **3,94** | **0,99** | **1,51** | **0,88** | **13,36** |
| 10 | **4,29** | **0,98** | **1,77** | **0,92** | **13,70** |
| 11 | **4,46** | **0,77** | **2,79** | **1,40** | **7,64** |
| 12 | 4.09 | 1.14 | 3.37 | 1.68 | 3.89 |
| 13 | 4.44 | 0.6 | 3.43 | 1.69 | 6.01 |
| 14 | 4.18 | 0.82 | 3.56 | 1.79 | 3.42 |
| 15 | 4.27 | 0.90 | 3.55 | 1.67 | 4.02 |

دەركەوت كە هەموو پاراگرافەكانی پێوەرەكە جیاوازن لە ئاستی ئاماژەكردن (0.05)، چونكە بەهای T ژمێردراو گەورەترە لە خشتەی T بەهای (1.96) بە پلەی ئازادی (334)، و خشتەی (5) ئەمە نیشان دەدات.

**ب- پەیوەندی نمرەی برگە بۆ نمرەی گشتی:**

ئەم شێوازە پشت دەبەستێ بە دەرهێنانی هێزی جیاكاری بەش لەسەر پەیوەندی بەیەكەوەبەستنی نمرەكانی هەر برگەیەك و نمرەی گشتی پێوانەكە (Lindquist, 1951, P. 286; Nunnally, 1978, P, 262) )

ئەم شێوازەی یەكەم بەوە بە باشتر دەزانرێ كە:

1- دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ڕادەی هاوسازی پێوەر لە بەشەکانی دا، کە تیایدا هەر بڕگەیەك پێوانە دەکرێ بە ڕەهەندی ئاکاری خودی خۆی کە پێوان پێوەری گشتی دەکات.

2- توانا دەرخستنی پەیوەندی هەیە لە نێوان بڕگەکانی پێوانەدا (السامرائي والبلداوي، 1987، ص 96).

هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن بەکارهات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نمرەیی نێوان بڕگەکان و نمرەی گشتی پێوانە، ئەوە زانراوە لەم بوارە بنیاتنانی پێوانەکان کە تاوەکو هاوکۆلکەی پەیوەندی بڕگە بە کۆی گشتی زیاتر بێت ئەوا ئەگەری هاوسازی پێوانەکە زیاتر دەبێت (Allen & yen, 1979, P. 125).

توێژەرەکە پەیوەندی نێوان پلەی هەر پەرەگرافێک و تێکڕای نمرەی پێوەری بەکارهێناوە، کە هەمان داتای بەکارهێنراو لە میتۆدی جیاکاری پاراگرافدا بە دۆزینەوەی فاکتەری گرێدانی پیرسون لە نێوان نمرەکانی ئەندامە نمونەکان لەسەر هەر پەرەگرافێک و نمرەی گشتیان لەسەر پێوەرەکە مامەڵەیان لەگەڵ بە ژماردنی ئاماری مامەڵەکانی هاوئاهەنگی بە بەکارهێنانی هاوکێشەیەک (T) بۆ ئاماژەدان بە ڕێژەی هاوئاهەنگی، دەرکەوت کە هەموو ڕێژەی هاوئاهەنگی لە ڕووی ئامارەوە نیشاندەری دوو پێوەری توێژینەوەی (سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی) بوون. خشتە (7,6)

خشتەی (6) پەیوەندی نێوان پلەی هەر پەرەگرافێک و کۆی خاڵەکانی پێوەری سەقامگیری کۆمەڵایەتی

| ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر | ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر | ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر | ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.25 | 13 | 0،25 | 25 | 0،29 | 37 | 0،30 |
| 2 | 0.29 | 14 | 0،42 | 26 | 0،45 | 38 | 0،31 |
| 3 | 0،30 | 15 | 0.31 | 27 | 0،44 | 39 | 0،38 |
| 4 | 0،41 | 16 | 0.19 | 28 | 0،28 | 40 | 0،38 |
| 5 | 0،31 | 17 | 0.20 | 29 | 0.19 | 41 | 0،26 |
| 6 | 0،40 | 18 | 0.21 | 30 | 0.21 | 42 | 0،28 |
| 7 | 0،33 | 19 | 0.36 | 31 | 0.25 | 43 | 0،30 |
| 8 | 0،29 | 20 | 0.28 | 32 | 0.32 | 44 | 0،29 |
| 9 | 0.21 | 21 | 0.27 | 33 | 0.37 | 45 | 0،33 |
| 10 | 0.22 | 22 | 0.33 | 34 | 0.30 | | |
| 11 | 0،31 | 23 | 0،41 | 35 | 0.25 | | |
| 12 | 0،35 | 24 | 0،27 | 36 | 0،34 | | |

خشتەی (7) پەیوەندی نێوان پلەی هەر پەرەگرافێک و تێکڕای ئاستی متمانەی سیاسی

| ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر | ژمارەی پەرەگراف | ڕێژەی بەستەر |
|---|---|---|---|
| 1 | 0،31 | 11 | 0.25 |
| 2 | 0،28 | 12 | 0.32 |
| 3 | 0،28 | 13 | 0.37 |
| 4 | 0.21 | 14 | 0.30 |
| 5 | 0.20 | 15 | 0.25 |
| 6 | 0،35 | 0 | 0 |
| 7 | 0.27 | 0 | 0 |
| 8 | 0.21 | 0 | 0 |
| 9 | 0.21 | 0 | 0 |
| 10 | 0.22 | 0 | 0 |

**خستنەرووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان:**

**دەرئەنجامەکان:**

1. ئاستی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی بەرزە.
2. هەبوونی پەیوەندیەکی ڕوون لە نێوان سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی.
3. هەبوونی پەیوەندی لە نێوان سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی و تەمەن.
4. هەبوونی جیاوازی بە نیشاندەری ئاماری لە گۆڕاوی ڕەگەز بۆ هەریەك لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی کە لای کورانی زیاتر بوو و بۆ متمانەی سیاسی کە لای مێینە زیاتر بوو
5. ڕەهەندی تێرکردن وپڕکردنەوەی پێداویستیەکان توانای پێش بینی کردنی متمانەی سیاسی هەیە.
6. ڕەهەندی پێوەرو بەهاکان توانای پێش بینی بەمتمانەی سیاسی نییە.
7. ڕەهەندی گونجانی کۆمەڵایەتی توانای پێشبینی بۆ متمانەی سیاسی نییە.
8. گۆڕاوی (سەقامگیری کۆمەڵایەتی ) توانای پێشبینی گۆڕاوی پاشکۆ(متمانەی سیاسی )هەیە.

**پێشنیازەکان:**

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر گەیشتە پێشکەشکردنی ئەم سپاردانە (التوصیات) کە پێویستن بۆ لایەنی پەیوەندار، ئەمانیش:

1. پارتە سیاسیەکانو دەسەڵات لە هاوڵاتیان زیاتر نزیك ببنەوە لە ڕێگای زانینی پێداویستیوئامانجەکانیان ئامرازەکانی جێ بەجێ بوونیان ئەو داخوازیانەو هەمووکارێك بکەن بۆ هاوڵاتیان.
2. پارتە سیاسیەکان پاڵپشتی میرلتی بەهاوکەلتوری بکەن، هەوڵی پاڵپشتی پێوەر و بەهاکان کە هاوکار دەبێت بۆ تاك وکۆمەڵگاو لەیەکتر نزیك ببنەوەوهاوکاری یەکتری بکەن بۆ ئەوەی تەواوکردنو کاملکردنی سستی کۆمەڵگە لە سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت.
3. جێبەجێکردنی بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی سەرچاوەکان ڕەخساندنی هەلی کاری یەکسان و خوێندن بۆ هەمووان وەك مافێکی خۆیی هەر هاووڵاتییەك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.
4. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی بنەماو پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان.
5. دوورخستنەوەی تێڕوانینی تایفی و ئاینی و نەتەوەیی لە نێوان هاووڵاتییان دا بە ئامانجی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ مسۆگەرکردنی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی لایەنی مرۆڤانەیی لایان.
6. پارتەکانی دەسەڵات هەوڵ بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەو پلانانەی کە دایدەنێن بۆ بەدیهێنانی متمانەی بەهێزتر لای هاووڵاتییان.

**ڕاسپاردەکان:**

لە سۆنگەی ئەنجامەکانەوە ئەوەی توێژەر پێیگەیشت لەم توێژینەویەدا، پێشنیازی بۆ توێژەرانی تر دەکات کە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن لەمانەی خوارەوە:

1- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەنجام بدەن لەنێو تەمەنە جیاوازەکان دا بۆ پێوانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و متمانەی سیاسی.

2- سەقامگیری کۆمەڵایەتی بەبستنەوە بە گۆڕاوی تر وەك (ڕۆشنبیری، وشیاری کۆمەڵایەتی، ئەمانی کۆمەڵایەتی) و هی تریش.

4- بەستنەوەی ڕۆشنبیری سیاسی بە گۆڕاوەکانی وەك (وشیاری سیاسی، بەرژەوەندی پارتی و سیاسی، ڕۆشنبیری سیاسی).

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان**


1) احمد، محمد عبد السلام (1960). القیاس النفسي والتربوي. القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

2) اسماعیل, ایهاب احمد محمد (2017) اشكالية مفهوم الثقة الاسهامات السيكولوجية في دراستها، مجلة كوليات أداب عين الشمس ,المجلد 45,كلية اداب ’ جامعة عين الشمس, القاهرة.

3) الاسود، صادق، (2015)، علم الاجتماع السياسى اسسه وابعاده، مديريه دار الكتب للگباعه للنشر، جامعه الموصل.

4) برو، فليب،(1998)، علم الاجتماع السياسى، ترجمه محمد عرب، المؤسسه الجامعيه للدراسات والتوزيع والنشر، بيروت.

5) الحسن، إحسان محمد (2003). النظريات الإجتماعية المتقدمه، ط1, دار وائل للنشر، عمان.

6) خليل، هيوا مجيد.، محمد، مراد حكيم. و جوزل، عبدالحكيم خسرۆ. (2018). متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان 2011-2013، مجلة جامعة التنمية البشرية. العدد 2.

7) رالف م. غولدمان، (1996) لە جەنگەوە بۆ سیاسەتی پارتەکان (التحول الحرج إلى السيطرة المدنية)، ترجمة: فخرى صالح، الدار الأهلية للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ط1،.

8) السامرائي، باسم نزهت. والبلداوي، طارق حميد (1987). بناء مقياس لاتجاهات الطلبة نحو التدريس، المجلة العربية للبحوث التربوية، المجلد 7، العدد 2.

9) سويدي, محمد (1990), علم الاجتماع السياسي, ميدان وقضاياه ( ديوان المطبوعات الجامعية, الجزائر. ال

10) سيبوف، اوغيناوى، (1990) اصول علم الاجتماع، دار التقدم، موسكو.

11) السيد، فؤاد البهي (1958). علم النفس الإحصائي وقياس العقل البشري، ط1، دار الفكر العربي.
12) عبدالبديع، محمد، (2006) : الثقة والارتياب- صورة رأس المال الاجتماعي في شريحة طبقية. في أحمد زايد وآخرون: رأس المال الاجتماعي لدى الشرائح المهنية من الطبقة الوسطى. القاهرة: مركز البحوث والدراسات الاجتماعية بجامعة القاهرة.
13) عبدالنور، ناجي، (2006)، النظام السياسي الجزائرى من الاحادية الى التعددية السياسية, جامعة (8)ماى, الجزائرى.
14) الغويل، سليمان صالح (2003). ديمقراطية الاحزاب السياسية والجماعات الضاغطة، ط1، دار الكتب الوطنية،كلية القانون، جامعة قاريونس، بنغازي، ليبيا.
15) لينين، (بدون تاريخ الطبع) لەبارەی کاری پارت لەنێو جەماوەردا، ترجمة: أليأس شاهين، دار التقدم، موسكو.
16) مدكور، ابراهيم، ونخبه من الاساتذة المصرين والعرب (1975) معجم علم الاجتماع, اليونسكو, الهيئة المصرية العامة للكتاب, القاهرة.
17) نظمي ,فارس كمال,(2001). الاعتقاد بعدالة العام وعلاقته بالثقة الاجتماعية التبادلة لدى طلبة الجامعة, رسالة ماجستير غير منشورة,كلية الاداب, جامعة بغداد.

## دووەم/ سەرچاوە فارسییەکان

18) آزاد ارمکی، تقی. (2013) اعتماد: اجتماع و جنسیت: بررسی تطبیقی اعتماد متقابل در بین دو جنس. مجله انجمن جامعهشناسی ایران. دورة پنجم، شمارة 2.
19) امیرکافی, مهدی. (2002) اعتماد اجتماعی و عوامل مؤثر بر آن، نمایه پژوهشی، شماره 18، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی.
20) غفاری، غلامرضا و نوابی، میثم. (2008) تبیین گستره و شعاع اعتماد اجتماعی در شهر کاشان، دانشنامهی علوم اجتماعی، 1(2): 214-221.
21) فوكوياما، فرانسيس. (2013) پایان نظم، سرمایه اجتماعی و حفظ آن, ترجمة: غلا معباس توسلي, تهران: جهان امروز.
22) كلمن, جيمز. (2010) بنيادهاي نظريه اجتماعی. ترجمه: منوچهر صبوری. تهران: نشر نی.
23) گیدنز، آنتونی. (2012) تجدد و شخص. ترجمه: ناصر موفقیان. تهران: نشر نی.
24) گیدنز، آنتونی. (2012) جهان رها شده، ترجمه: علی اصغر سعیدی و یوسف حاج عبدالوهاب، تهران، نشر علم و ادب.
25) منصوریان، محمد کریم و قدرتی، حسین. (1288) اعتماد اجتماعی و تعیینکنندههای آن: رهیافت، نهاد محور یا رهیافت جامعهمحور؟ (مورد مطالعه: شهر سبزوار)، جامعهناشی کاربردی، سال بیستم، شماره پیاپی (28).

## سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان

26) Carlton Clymer Rode, Totton J.Anderson, Carl Q.Chrostol and Thomas H.greene, Introduction to Political Science, McGraw-hill international, 4th ed.
27) Colmen, J.(1990) Foundation of Social Theory. Cambridge. MA: Harvard press.
28) Colmen, James S. (1990) Social Capital In The Creation Of Human Capital: American Journal of Socology.
29) Edwards , A. L. (1957). Techniques of Attitude scale construction. New York , Appleton , Country Crofts , Inc.
30) Firth ،R. 1966. Elements. Of social organization ،London.
31) Gamson ،W. 1968. Power and Discontent. Homewood: Dorsey Press.
32) Ghiselli , E. E. & et. al. (1981). Measurement Theory for Behavioral Sciences. San Francisco , W. H. Freeman & Company.
33) Grommet and Cook, K.S. (2001) Trust in society. NewYork: Russel Sage.
34) Hardin, R(1999) do we want trust in government? In: warren, m. ed, democracy and trust. Cambridge: Cambridge university press.
35) Hetherington ،M.(2001) Declining political trust and a shrinking publicy agenda. In: democratic politics conference on trust in government Princeton university. Available at: https // www.princeton. Edu/ csdp/ events/ trust. 2001/ Hetherington. Pdf accessed 13th march 2018.
36) James Bikerton, Alain-G.Gagnon and Patrick j.smith,( 1999) Ties that Bind (parties and voters in Canada), Oxford university press-Canada.
37) Jean Marie Donegani et Mare Sadoun,(1994) ia democratie imparfaite essai le parit, paris; Gallimard.
38) Joseph A.Schlesinger,(1968) Party Units in "International Encyclopedia of Social Sciences", New York: Macmillan.
39) Kaplan , R. M. & Saccuzzo , D. P. (1982). Psychological Testing Principles , Applications , and Jssues , Brooks. California. Cole Publishing Company Monterey
40) Karen S. Cook: "Trust". In Ritzer, George (ed):(2007) "The Blackwell Encyclopedia of Sociology". USA, Blackwel Publishing.
41) Lindquist, E. F. (1951). Educational Measurment. Washington American Councilon Education.
42) Paul Ward & Samantha Mayer:(2009) " Trust, social quality and wellbeing: A Sociological exegesis". Development And society; No.2. (seoul: institute for social development And policy research) seoul national university press. Dec 2009.
43) Robert D. Putnam:(1993) "Making Democracy Work – Civic Traditions in Modem Italy". New Jersey, Princeton University Press.
44) Spencer, Herbert. (1892) Social Stateics ABriDGer and Revised. To get her with, the Man versus the State Williams and Norgate. 14 Henriettas Tresst. Covent Garden. London.
45) Timothy C. Earle & George Cvetkovich:(1995) "Social Trust- Toward a Cosmopolitan Socirty". 1st ed, Westport, Preager Publishers